دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکرات و فیدراڵدا

# کوردستان

ژمارە: ٥٥١

www. kurdistanukurd.com

پێنجشەممە ٣٠ی بەفرانباری ١٣٨٩ ـ ٢٠ی ژانویە ٢٠١١ ـ ١٥٠ تەمەن • ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

سیاسی

«کوردستان» لە دەستەملانێی دوو بیرەوەریی شیرین دا ٥

سیاسی

هێرش بۆ سەر کەمپی ئەشرەف، سەربەخۆیی بەغدا یان سەروەریی تاران ٦

دیپلۆماتیک

باشووری سوودان، پاشخانی مێژوویی ڕێفراندۆمی سەربەخۆیی ٧

بەرەو کۆنگرە

دەبێ چی بکەین؟ ٩

### دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان:

# کۆماری کوردستان نوێنگەی یەکیەتی و ئیرادەی هاوبەشی گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان بوو

دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بەیاننامەیەکدا کە بە بۆنەی یادی ٦٥ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان بڵاوی کردۆتەوە، کۆماری کوردستان وەک نوێنگەی یەکیەتی و ئیرادەی هاوبەشی گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان دا، پێناسە دەکا و ئەم یەکیەتی و ئیرادە هاوبەشەش بە هۆکاری ئەو دەسکەوتە بەنرخانە دەزانی کە لە ماوەی تەمەنی کورتی کۆمار دا وەدیهاتن.

لە بەیاننامەکەی دەفتەری سیاسی دا هاتوە کە: «دەسکەوتە مەعنەوی و ڕەوانییەکانی کۆماری کوردستان ناژمێردرێن و لە گوتن نایەن، هەر بۆیە پەیام و ئامانجەکانی کۆماری کوردستان توزی کۆنییان لەسەر نانیشێ.

بەیاننامەکە باس لە پێویستیی دەرس وەرگرتن لە مێژووی کۆماری کوردستان دەکا و ئاماژەی بە بابەتی وەک یەکیەتی و تەبایی نێو ریزەکانی گەلی کورد وەک هۆکاری سەرکەوتن، نەبوونی هاوکاری و هەماهەنگی لە نێوان هێزە پێشکەوتنخواز و دیموکراتیکەکانی ئێران وەک یەکێک لە هۆکارەکانی ڕووخانی کۆمار و هەروەها پشت نەبەستن بە هۆکاری دەرەکی کردوە.

**دەقی ئەم بەیاننامەیە لەم ژمارەیەدا بخوێننەوە.**

## بەیاننامە

## بەبۆنەی ٦٥ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستانەوە

**هاونیشتمانە بەڕێزەکان!**
**خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان!**

لە ٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی ( ٢٢ی ژانویەی ١٩٤٦ ) دا ڕووداوێکی گرنگ لە مێژووی کورد دا ڕووی دا کە کاریگەریی زۆری لەسەر ڕووداوەکانی دوای خۆی هەبوو. لەو ڕۆژە دا لە شاری مەهاباد بۆ یەکەم جار حکومەتێکی کۆماری بە سەرۆکایەتیی پێشەوای مەزنی کورد قازی محەممەدی نەمر دامەزرا.

تەمەنی کورت بەلام پڕلە کارو دەسکەوتی کۆماری کوردستان لاپەڕەیەکی زێڕین و پڕشنگداری لە مێژووی پڕ لە هەورازو نشێوی کورد دا تۆمار کرد کە هیچ کات لە وێژدان و حافیزەی مێژوویی کورد ناسڕێتەوە. کۆماری کوردستان نزیک بە ١١ مانگی تەمەن هەبوو، بەلام سەبارەت بەوەی نوێنگەی ئیرادەی نەتەوەیی بوو لە ناخی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانەوە سەرچاوەی گرتبوو، لەو ماوە کورتە دا سەرچاوەی گەلێک بەرهەم و دەسکەوتی سیاسی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و ئابووریی بوو کە جێی شانازین.

کورد دوای ساڵانێکی زۆر بێبەشی و بێ مافی و سەرکوت، بوو بە خاوەنی دەسەڵات و چارەنووسی خۆی و ئازادی و دیمۆکراسی بە تەواوی باڵی بەسەر ناوچەی ژێر دەسەڵاتی کۆماری کوردستان دا کێشا، گەلێک گوڤار ڕۆژنامە بە زمانی کوردی چاپ و بڵاو بوونەوە کە ئازادانە بیروڕای خۆیان ڕووداوو ڕاستییەکانی کۆمەڵگەی کوردستانیان بڵاو دەکردەوە. لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی کۆمار دا زیندانیی سیاسی نەبووو ڕێبەرانی کۆمار لە خەڵک و حۆشەویستی خەڵک بوون. کۆماری کوردستان ببوو بە مەکۆو ڕووگەی کوردە ئازادیخوازەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان کە بارزانییەکان بە ڕێبەرایەتیی نەمر مەلامستەفای بارزانی نموونەی هەرە بەرچاویان بوون، ئەوانیش لە خزمەت پاراستنی کۆماردا لە هیچ چەشنە فیداکارییەک خۆیان نەپاراست. بە ڕاستی لەو بارەیەوە کۆماری کوردستان ببوو بە نوێنگەی یەکیەتی و ئیرادەی هاوبەشی کورد بە گشتی. زمان و فەرهەنگی کوردی کە لە سەردەمی ڕەزا شا دا لە نەتەوەی کورد قەدەغە کرابوو، بەشێوەیەکی نەدیتراوو بێوێنە گەشەیان کرد، جگە لە گۆڤارو بڵاوکراوەی کوردی، خوێندن بە زمانی کوردی و هونەری کوردی بە جۆرێک گەشەیان کرد کە نووسەرانی بێگانە ناوی «ڕینسانس»یان لەسەر داناوە. لە ژێر سایەی دەسەڵاتی خۆماڵیی کورددا دیارده دزێوەکانی کۆمەڵایەتی گەیشتبوونە لانی کەمی خۆیان و زۆر کێشەو گیروگرفتی کۆمەڵایەتی ڕوویان لە کزی کردبوو.

٤

## ٥٨ ئێعدام لە ماوەی ١٩ ڕۆژ دا

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی ١٩ ڕۆژی دەسپێکی ساڵی نوێی زایینی دا لانیکەم ٥٨ کەسی لە سێدارە داوە. دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی لە دریژەی ڕەوتی ئێعدامەکان لە ئێراندا دوێنی چوارشەممە ١٠ کەسی دیکەی لە زیندانی ڕەجایی شاری کەرەج لە سێدارەدا.

سایتی دادگای گشتی و شۆڕشی تاران لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاندوە کە ئەو ١٠ کەسەی بە تاوانی قاچاغی مادە هۆشبەرەکان ئێعدام کردوە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران حەوتووی ڕابردووش ٧ کەسی هەر بە هەمان تاوان لە سێدارە دابوو.

بەردەوامیی ڕەوتی ئێعدامەکان لە ئێران لە حالێک دایە کە کەمپەینی نێودەوڵەتیی مافی مرۆڤ، پێشتر لە بەیاننامەیەکدا، نیگەرانیی خۆیان سەبارەت بە شەپۆلی لەسێدارەدانەکان لە ئێران لە ساڵی نوێدا دەربڕیبوو.

جێی وەبیر هێنانەوەیە کە ئێران لە دوو حەوتووی یەکەمی ساڵی نوێدا، ٤٧ کەسی لەسێدارەدا و لەگەڵ لەسێدارەدانی ئەم ١٠کەسە و ئێعدامی حوسێنی خزری، ژمارەی ئێعدامکراوان لە ماوەی ١٩ ڕۆژی یەکەمی ساڵی زایینی دا گەیشتە ٥٨ کەس.

## مانگرتنی بەندکراوانی سیاسیی کورد تا دێ پەرە دەستێنێ

**کوردستان:** ڕۆژ بەڕۆژ ژمارەی ئەو بەندکراوە سیاسی و مەدەنیانەی کە مانیان لە خواردن گرتوە، زیاتر دەبێ. بەپێی زانیارییەکان لە ڕۆژانی سێ شەممە و چوارشەممەی ئەم حەوتووە ژمارەیەکی بەرچاو لە بەندکراوانی کورد لە زیندانەکانی ورمێ، کەرەج، تاران، کرماشان، سنە، مهاباد و قەزوین، لە پێناو هەڵوەشانەوەی سزای لەسێدارەدان و کۆتایی هێنان بە ئەشکەنجە مانیان لە خواردن گرتوە.

هەروەها دەکوترێ کە باری تەندروستی دوو بەندکراوی کورد بە ناوەکانی حەبیبوڵڵا گوڵپەری پوور و ئەحمەد تەمووبی کە نزیک بە ٣ هەفتەیە لە مانگرتن دان، زۆر خراپە و بەرپرسانیش تا ئێستا هیچ کاردانەوەیەکیان بەرامبەر داخوازییەکان نەبووە.

لە لایەکی دیکەوە بەپێی هەواڵەکان لە بەندیخانەی شاری سەقزیش کۆمەڵێک لە زیندانیانی سیاسیی کورد بۆ نارەزایەتیی دەربڕین لە بارودۆخی نالەباری ناو زیندان، چەند ڕۆژێکە دەستیان بە مانگرتن گرتوە. ژمارەیەک لەو مانگرتووانە لە زیندانە جۆراوجۆرەکانی ئێران دا بریتین لە حەبیبوڵڵە گوڵپەری پوور، ئەحمەد تەمووبی، مستەفا عەلی ئەحمەد، حوسێن میرزایی، فەزایی یامان و عەبدوڵڵا حوسێنی.

## نارەزایەتییەکان دژ بە لە سێدارەدانی حوسێن خزری بەردەوامە

بەدوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی لەسێدارەدانی زیندانی سیاسیی کورد، حوسێن خزری شەپۆلێک لە نارەزایەتیی دەستی پێکردوە و تا ئێستاش بەردەوامە.

کەمپەینی نێودەوڵەتی مافی مرۆڤ وێڕای مەحکووم کردنی لەسێدارەدانی حوسێن خزری، نیگەرانی خۆی لە ئەگەری ئێعدامی ١٥ بەندکراوی دیکەی کورد دەربڕی. ئەو کەمپەینە حوکمی ئێعدامی ئەو بەندکراوە کوردانە، بە بڕیارێکی سیاسی دەزانێ کە هیچ بنەمایەکی حقوقیان نیە.

هەروەها کوردانی دانیشتووی وڵاتانی ڕۆژئاوا لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا کۆمەڵێک خۆپیشاندانی نارەزایەتییان بەڕێوەبرد. کوردان لە پاریس هێرشیان کردە سەر باڵوێزخانەی کۆماری ئیسلامی، تابلۆی ئەو باڵوێزخانەیان هێنایە خواری. لە بریتانیا، ئالمان، بێلژیک و فەرانسە و نۆرویژ، کۆمەڵێک خۆپیشاندان بەڕێوە چوون و بریارە لە ڕۆژانی داهاتووش دا دریژەیان هەبێ. لە باشووری کوردستانیش خەڵکی باشووری کوردستان و کوردانی بەشەکانی دیکەی نیشتەجێ لە باشوور لە هەولێر، گەرمیان، ڕانیە، پێنجوێن و سلێمانی خۆپیشاندانیان کرد و ئێعدامی لاوانی کوردیان مەحکووم کرد.

## بەردەوامیی هەوڵەکان لەپێناو کاندیدا کردنی کەبوودوەند بۆ خەڵاتی ئاشتی نۆبێل

هەوەڵەکانی کوردان بۆ وەرگرتنی پشتیوانی لەپێناو کاندیدا کردنی محەممەد سەدیق کەبوودوەند بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتیی نۆبیل بەردەوامە.

لە دریژەی هەوڵەکان دا، پاش ئەوەیکە خالید عەزیزی سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ڕەسمی پشتیوانیی حیزبەکەی لە کاندیداتوریی کەبوودوەند ڕاگەیاند، نامەیەکی ئاراستەی دوکتور عەبدولکەریم لاهیجی کرد و داوای لە ناوبراو کرد کە پشتیوانیی خۆی لە کەبوودوەند دەربڕێ. سکرتێری گشتی لە بەشیک لە نامەکەیدا وێڕای بەرزنرخاندنی هەوڵەکانی سەرۆکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان، نووسیویەتی کە بەسەرهاتی ژیانی کەبوودوەند زۆر لە «لیوجیاباو» براوەی خەڵاتی ئاشتی نۆبێل لە ساڵی ٢٠١٠ دەچێ و پشتیوانی کردن لە کەبوودوەند یارمەتی بە پێشوەچوونی دۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران و کوردستان دەدا.

هەر لەم پێوەندییەدا کۆمەڵێکی بەرچاو لە هونەرمەندان و نووسەران و شاعیرانی کورد بە دەرکردنی بەیاننامەیەک بە ڕەسمی پشتیوانیی خۆیان لە کەبوودوەند ڕاگەیاندوە. هەروەها ژمارەیەکی دیکە لە ڕێکخراوە کوردییەکان لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوودا پشتیوانیی خۆیان لە کاندیداکردنی کەبوودوەند دەربڕی.

# داوای سکرتێری گشتیی حدک لە عەبدولکەریمی لاهیجی بۆ پشتیوانی لە کاندیداتۆری کەبوودوەند بۆ خەڵاتی نۆبێل

خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە نامەیەک دا بۆ بەڕێز عەبدولکەیم لاهیجی بریکاری کۆنفیدراسیۆنی نیودەوڵەتیی مافی مرۆڤ داوای لە ناوبراو کردوە کە پشتیوانی لە میکانیزمی کاندیداتۆری محەممەد سدیقی کەبوودوەند بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتی نۆبێل بکا.

ئەوەی خوارەوە دەقی نامەی بەڕێز خالید عەزیزی بۆ ئاغای عەبدولکەریمی لاهیجی، بریکاری کۆنفیدراسیۆنی نیودەوڵەتی مافی مرۆڤە:

**ڕێزدار ئاغای دوکتۆر لاهیجی!**

بە سڵاویکی گەرم،

هەروەک ئاگادارن هاونیشتمانانی کورد لە ئێران ئەم جارە بۆ گەیاندنی دەنگی مافخوازانەی ئەم خەڵکە ستەملێکراوە و هەروەها نارەزایەتی دەربڕین بەرانبەر بە حوکمی نادادپەروەرانەی دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامیی ئێران، چالاکی مافەکانی مرۆڤ بەڕێز محەمەد سدیق کەبوودوەندیان بۆ کاندیداتۆریی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل لە ساڵی ٢٠١١ لە بەرچاو گرتوە و بۆ هەرچی باشتر و کاریگەر بوونی ئەم هەوڵە پێویستییان بە یارمەتی و هاوریێتیی هاونیشتمانانی خۆیان هەیە.

ئاغای کەبوودوەند وەکوو تێکۆشەرێک کە هیچ پێوەندیەکی تەشکیلاتیی لە گەڵ هیچ یەک لە حیزبەکانی کوردستانی و ئێرانی نیە و تەنیا بە تاوانی دامەزراندنی ڕێکخراوی بە داکۆکی لە مافی مرۆڤی کوردستان زیاتر لە ١٠ ساڵ زیندانی بە سەردا سەپاوە، بەسەرهاتی ژیانی زۆر لە «لیوخیابۆ» براوەی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل لە ساڵی ٢٠١٠ دەچێ.

هەر بۆ ئەم مەبەستە لە ئێوەی بەڕێز وەکوو مافناسێکی دیار کە لە مێژ ساڵە بۆ پێشوەچوونی دۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران و جیهان تێدەکۆشن چاوەڕوانی دەکری کە بە شێوەیەکی ڕەسمی یارمەتیدەر و هاوڕێی کوردەکانی ئێران بن کە بێ گومان ئەم شێوە مەدەنی و بە کەڵکە ڕێگایەکە بۆ پێشوەچوونی دۆخی مافەکانی مرۆڤ لە وڵاتەکەمان ئێران و ڕیسوایی هەرچی زیاتر بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران لە ئاستی نێونەتەوەییدا.

پێشەکی بە گەرمی سپاسی هاوکاری و هاوڕێیتان دەکەم.

**خالد عەزیزی**
**سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان**

## ڕێکخراوی لێبووردن نێومەتەوەیی:
# با ئیعدامی زیندانیانی سیاسی کۆتایی پێ بێ

ڕێکخراوی نێونەتەوەیی لێبووردن داوا دەکا ئیعدامی بەندییە سیاسییەکان لە ئێران کۆتایی پێ بێ.

ڕێکخراوی نێونەتەوەیی لێبووردن وێڕای دەربڕینی نارەزایەتی و بەداخبوونی لە ئیعدامی عەلی ئەکبەری سیادەت و عەلی سارمی کە ماوەیەک لەمەوبەر ئیعدام کران، داوای لە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ئێران کردوە دەست لە ئیعدام کردنی زیندانیانی سیاسی هەڵبگرن و بۆ ڕاگرتنی سزای ئیعدام هەنگاوی جیدی هەل بێننەوە.

ڕێکخراوی نێونەتەوەیی لێبووردن لە بەیاننامەیەکدا کە بە بۆنەی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ئێران بڵاوی کردۆتەوە، ڕایگەیاندوە داوا لە کۆماری ئیسلامیی ئێران دەکەین لە ئیعدامی جەعفەر کازمی، جەواد لاری، محەمەد عەلی حاج ئاقایی، عەبدولرەزا قەنبەری، ئەحمەد دانشپوور موقەدەم، موحسین دانشپوور موقەدەم و فەرەح وازجان خۆ ببوێری.

ئەم ڕێکخراوەی داکۆکی لە مافی مرۆڤ لە سەپاندنی تۆمەتی موحاربە یان دژایەتی لەگەڵ خودا نیگەرانیی دەربڕیوە. تۆمەتێک کە لەسەر بنەمای ئەو سزای ئیعدام بەسەر ئە ٦ چالاکە سیاسییەدا سەپێنراوە. کە لەکاتی نارەزایەتییەکانی دوای هەڵبژاردن دەستبەسەر کرابوون.

شایانی باسە کە پێشتریش کۆمەڵێک لە چالاکانی خوێندکاری و مەدەنی و ڕۆژنامەنووسان وەک دژکردەوە لە بەرانبەر سزای ئیعدامدا، لە بەیاننامەیەکدا ، دەست پێکردنی دەورێکی نوێ لە ئیعدامی زیندانیانی سیاسی و عەقیدەتییان مەحکووم کردبوو و خوازیاری ئەوە بوون کە ئەو یاسا حووقووقییانەی سزای ئیعدامیان لێ دەکەوێتەوە پێداچوونەوەیان بەرسەردا بکرێتەوە.

# داوای کەمپینی نێودەوڵەتیی مافی مرۆڤ لە ئێران بۆ ڕاگرتنی حوکمی ئێعدامی چالاکانی کورد




کەمپینی نێودەوڵەتیی مافی مرۆڤ لە بەیاننامەیەکدا داوای لە ناوەندی قەزایی ئێران و هەروەها مەجلیسی ڕێژیم کردوە کە بە هۆی زۆربوونی ڕێژەی ئیعدامەکان لە ماوەی دوو حەوتووی ڕابردودا سزای ئیعدام لەو وڵاتە هەل وەشێننەوە.

ناوەندی کەمپینی نێودەوڵەتیی مافی مرۆڤ بڵاوی کردۆتەوە کە لە ماوەی دوو حەوتووی ڕابردوودا ٤٧ کەس لە ئێران ئیعدام کراون و ١٥ کەسی دیکەش مەترسیی ئیعدامیان لە سەرە.

لە بەشێکی دیکەی بەیاننامەی ئەم کەمپینە نێودەوڵەتییەدا وێڕای دەربڕینی نیگەرانی لەو بارودۆخەی هاتوتە ئاراوە، ئاماژە بەوە کراوە کە بڕیاری ئەو ئیعدامانە لە سەر بنەمای دادگایی کردنێکی ناعادلانە و داخراو دا دراون کە ناتوانن بنەماح حقووقییان هەبێ.

ئاروون ڕودز، یەکێک لە وتەبێژانی ئەم کەمپینە ڕایگەیاندوە کە دەزگای قەزایی ئێران کۆمەڵە ئیعدامێکی بەرچاو و بە شێوەی بەربڵاوو بەپەلەی وەرێ خستوە کە لە ڕێگەی ناوەندە ئەمنییەتی و ئیتلاعاتییەکانیەوە کارئاسانییان بۆ کراوە و هەر لەو شوێنانەشەوە بڕیاری کۆتاییان لە سەر دراوە.

ئەم وتەبێژەی کەمپینی نێودەوڵەتیی مافی مرۆڤ باسی لەوە کرد کە ئیعدامی چالاکانی کورد بەبێ بوونی دادگایەکی عادلانە و پاش ئەشکەنجەیەکی زۆر تەنیا بە مەبەستی سیاسییە کە بەڕێوە دەبرێن.

کەمپینی نێودەوڵەتیی مافی مرۆڤ لە بەیاننامەیەکدا وێڕای دەربڕینی نیگەرانی خۆیان لەو شێوە هەڵسوکەوتانەی ناوەندی قەزایی و ئەمنییەتیی ئێران بەرانبەر بە چالاکانی مەدەنیی کورد ڕایان گەیاندوە هێشتا مەترسیی ئیعدام لە کوردستان هەیە و ١٥ چالاکی سیاسیی دیکەی کورد هەر بە تاوانی چالاکیی سیاسی ئەو حوکمەیان لە دژی دەرکراوە.

## بەیاننامەی ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ مەحکوومکردنی ئیعدامی حوسێن خزری
# درێژەی ئێعدامەکان نیشانەی داماویی کۆماری ئیسلامییە

ماشینی ئیعدامی کۆماری ئیسلامی گیانی لاویکی دیکەی کوردی ئەستاند.

بەپێی ئەو هەواڵانەی بڵاوبوونەتەوە، بەرەبەیانی ڕۆژی شەممە ٢٥ ی بەفرانبار دەزگای دادپەروەریی!! کۆماری ئیسلامی لە درێژەی ئیعدامی تێکۆشەرانی سیاسی دا بەندییەکی سیاسیی بە ناوی حوسێن خزری ئیعدام کردوە. حوسێن خزری کە تەمەنی ٢٨ ساڵ و خەڵکی ناوچەی مهاباد بوو، لەمانگی گەلاوێژی ١٣٨٧ دا لە شاری کرماشان قۆلبەست کراو کەوتە ژێر توندترین ئەشکەنجەکانەوە. سەرئەنجام لە دادگای شۆرشی شاری ورمی بەتاوانی هەنگاونان دژی ئەمنییەتی میللی بە ئیعدام مەحکووم کرا.

ئیعدامی ئەم تێکۆشەرە کوردە لە درێژەی توندتربوونی ڕەوتی ئیعدام و سەرکوت لە ئێران و بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دایە.

لەماوەی ئەمسالدا چەند کەس لە بەندییە سیاسییە کوردەکان ئیعدام کراون و مەترسی ئەوە لە گۆڕێ دایە کە ژمارەیەک بەندیی کوردی دیکە لەوانە حەبیبوڵا لەتیفی، زەینەب جەلالیان و حەبیبوڵلا گوڵپەریبوور کە حوکمی ئیعدامیان بەسەردا سەپاوە، ئیعدام بکرێن.

توندتربوونی ڕەوتی ئیعدامی سیاسی لە ئێران لە دوای هەڵبژاردنی سەرکۆماری و سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی خەڵک دا، نیشانەی ئاشکرای ئەو ترسەیە کە ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی لەم بزووتنەوەیەیان هەیە. بۆیە بەبێ ترس لەو ڕیسواییەی لە ئاکامی ئەم سیاسەتە درێژەدا چ لە ئاستی نێوخۆ و چ لە ئاستی نێونەتەوەییدا تووشی بووە، درێژە بە ئیعدامی بەندییە سیاسییەکان دەدا.

ڕوونە کە تەنیا ئامانجی پاوانخوازانی دەسەڵاتدار یەک شتە، ئەویش درێژ کردنەوەی تەمەنی دەسەڵاتی خۆیان و ڕێژیمەکەیانە. دەسەڵاتێک کە لەم قۆناخەدا زیاتر لە هەر کاتێک دەرکەوتووە کە کەمترین پێگەی لە نێو کۆمەڵگەی ئێراندا هەیە و بەتەواوی ڕەوایی خۆی لە دەست داوە.

دیارە لەم نێوەدا بەرچاویی ژمارەی ئیعدامە سیاسییەکان لە کوردستان بۆ هەر چاودێرێکی سیاسی جێگای سەرنجە، ئەم ڕاستیەش بەروونی دەری دەخا کە تێکۆشەرانی سیاسیی کورد تاوانی قورسیان دەخرێتە پاڵ. دژایەتی لەگەڵ خودا، هەنگاونان دژی ئەمنییەتی میللی لەو تاوانانەن کە خراوەتە پاڵ ئەو بەندییە سیاسییانەی بە ئیعدام مەحکووم کراون.

هەروەک ئامـاژەی پـێ کـرا پـاوانـخـوازانـی دەسەڵاتبەدەست بۆ پاراستنی ڕێژیمەکەیان لە هیچ تاوان و ڕیسواییەک ناپرینگێنەوە، بۆیە دەکری بڵێین خەڵکی ئێران بەگشتی و خەڵکی کوردستان بەتایبەتی کە ڕۆژ نیە ڕۆڵەیەکیان نەکەونە بەر تیغی جەلادەکانی کۆماری ئیسلامی، بۆ ڕاگرتنی ماشینی ئیعدام و سەرکوتی ئەم ڕێژیمە یەک ڕێگا زیاتریان لەبەردەمدا نەماوە، ئەویش ئەوەیە بە هەر شێوەیەک بۆیان دەکری دژی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی و یەک لەوان ئیعدامی ئازادیخوازانی وڵاتەکەمان ڕاوەستێنەوە. چونکە ئەزموونەکان دەری خستووە کە ئەگەر خەڵک یەکگرتوانە لە دژی کۆنەپەرەستانی سەرەوێ بێنە مەیدان و سەرئەنجام دەتوانن تووشی پاشەکشەی بکەن.

کەواتە بۆ بەرگرتن لە ئیعدامی زیاتری بەندییە سیاسییەکان بەتایبەت بەندییە کوردەکان پێویستە لە هەموو ئاستەکاندا، بە نارەزایەتی مەدەنی و وەرێ خستنی کەمپەین و ئاگادار کردنەوەی زیاتری کۆڕو کۆمەڵەکانی داکۆکیکاری مافی مرۆڤ و ناوەندە نێونەتەوەییەکان لەو دۆخە نالەبارو دژوارەی کۆماری ئیسلامی بۆ خەڵکی ئێرانی دروست کردوە، لانیکەم تێچووی کردەوە دژە مرۆڤانەکانی کۆماری ئیسلامی زیاتر بکەین.

ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان وێڕای مەحکووم کردنی ئەم تاوانە نوێیەی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان هاودەردی و هاوخەمیی خۆی لەگەڵ بنەماڵەی حوسێن خزری ڕادەگەیەنێ.

نا بۆ ئیعدام و سەرکوت، نا بۆ کۆماری ئیسلامی

**ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**٢٦ ی بەفرانباری١٣٨٩**
**١٦ ی ژانوییەی ٢٠١١**

# پشتیوانیی کۆمەڵێک کەسایەتیی سیاسی و ڕوناکبیری کورد لە کاندیداتۆریی محەممەد سدیق کەبوودوەند بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل

دەیان کەسایەتیی سیاسی و مەدەنی و ڕووناکبیری کورد بە بڵاو کردنەوەی ڕاگەیەندراوێکی هاوبەش پشتیوانیی خۆیان لە کاندیداتۆریی محەممەد سدیق کەبودوەند بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتیی نۆبیلی ٢٠١١ دەربڕیوە.

لە بەشێکی ئەوڕاگەیەندراوەدا هاتوە کە ئێمە لە بەرامبەر وەبیرهێناوەی بە میلیۆن مرۆڤی ئازادیخواز کە لە لایەن ڕژێمەدیکتاتۆرەکان، یان لە دژبەری ڕقوقینی ڕەگەزپەرستی خوێنیان ڕژاوە، سەری ڕێز دادەنەوینین و ڕایدەگەیەنین کە محەمەد سەدیق کەبودوەند ڕۆژنامەنووسی ٤٨ ساڵەی کوردستانی، یەکەمین کەسە کە ڕیکخراوێکی بۆ داکۆکیکردن لە مافی مرۆڤ کورد، لە ژێر سایەی ڕەشی ڕێژیمی کۆنەپەرەست و یانیگری کۆماری ئیسلامیی ئێراندا دامەزراند.

لە بەشێکی دیکەی ئەو ڕاگەیەندراوەدا هاتوە کە هەوڵ وتێکۆشانی کەبوودوەند لەمەڕ ئاشکراکردنی تێداچوونی مافی مرۆڤ لەئێران، بە گوێی گەلێک لە ئینسانەکان و ڕێکخراوەکانی جیهانی گەیشتوە و هەر بەم بۆنەشەوە لەلایەن چەندین ڕێکخراوە و دامودەزگاکانی پاراستنی مافی مرۆڤی جیهانییەوە، خەڵاتی ڕێزلینانی پێشکێش کراوە.

لە دواییەن بەشی ئەو ڕاگەیەندراوەدا هاتوە کە بە پێی ئەم پێناسە کورتە ئێمە کە ناوی خۆمان لەژێر ئەم بەیاننامەیە دەنووسین، محەممەد سدیق کەبوودوەند بە شیاو بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل لەساڵی ٢٠١١ دەزانین و پشتیوانی لێ دەکەین.

شایانی باسە کە سارمەدین سادقوەزیری، عەبدوڵلا پەشیو، دوکتۆر جەمال نەبەز، دوکتۆر سەعید شەمس، پڕوفیسۆر ئالان دیلانی، ئەنوەر سولتانی، دوکتۆر ڕۆئیا تلووعی و هونەرمەندان ناسر ڕەزازی، حەسەن دەرزی، نەجمەدین غولامی و دەیان کەسایەتیی سیاسی و ڕووناکبیری دیکە پشتیوانیان لە کاندیداتۆریی محەممەد سدیق کەبودوەند بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل کردوە.

# بەڕێوەچوونی خۆپیشاندانێک لە هەولێر دژی ئیعدامی حوسێن خزری

دوای نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ٢٧ ی بەفرانبار، سەدان کەس لە چالاکانی سیاسی، مەدەنی و ئەندامانی حیزبە کوردییە ئێرانیەکانی دانیشتووی هەرێمی کوردستان لە خۆپیشاندانێک لە بەرانبەر باڵوێزخانەی کۆماری ئیسلامی ئێراندا لە شاری هەولێر ناڕەزایەتیی خۆیان بە ئیعدامی حوسێن خزری دەربڕی.

خۆپیشاندەران بە بەرزکردنەوەی دروشمی کۆماری ئیسلامی تیرۆریزمە، خوازیاری لابردنی باڵوێزخانەی ئێران لە هەرێمی کوردستان بوون.

خۆپیشاندەران هەروەها داوایان لە کۆڕ و کۆمەڵە جیهانییەکان کردوە کە بە بێ فەرق و جیاوازی داکۆکی لە مافی مرۆڤ بە تایبەت لە کوردستان و لە زیندانییانی سیاسیی کورد بکەن.

خۆپیشاندەران هەروەها داوایان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کردوە کە بە نیشانەی ناڕەزایەتی دەبرین بە ئیعدامی چالاکانی کورد لە ئێران، پێداچوونەوەیەک بە پێوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامی دا.

# لە سێدارەدرانی چالاکی سیاسیی کورد حسێن خزری

کۆماری ئیسلامیی ئێران حوسێن خزری، چالاکی سیاسیی کوردی لە سێدارە دا.

پاش چەندین ڕۆژ بێ خەبەری لە بارودۆخی حوسێن خزری، بەندکراوی سیاسیی کورد، مێدیاکانی سەر بە کۆماری ئیسلامی باڵاویان کردەوە کە سەرلەبەیانی شەممە، ٢٥ ی بەفرانبار ناوبراویان لە بەندیخانەی ناوەندیی شاری ورمی لە سێدارە داوە.

خزری، چالاکی سیاسیی کورد کە ٢٨ ساڵی تەمەن بوو، لە لقی ١٠ی دادگای شۆڕشی ئیسلامیی شاری ورمی بە چەندین تۆمەتی هەڵبەستراو و بێ بنەمای وەک هەوڵدان دژی کۆماری ئیسلامی و تیکهەڵچوونی چەکدارانە دژی هێزەکانی ڕێژیم دادگایی و سزای ئیعدامی بە سەر دا سەپێندرا.

حوسەین خزری ڕۆژی ١٠ ی گەلاوێژی ساڵی ٨٧ ی هەتاوی لە لایەن هێزەکانی سوپای ئەبی ئەکرەمەوە لە ناوچەی کرماشان قولبەست کرا و ماوەی زیاتر لە ٤٠ ڕۆژ لە لایەن ئەو هێزانەوە خرایە ژێر توندترین فشار و ئەشکەنجەوە و لە ژێر ئەو فشار و ئەشکەنجانەدا ناچار کرا کە دان بە تاوانی نەکراوی دابنێ. ناوبراو دوای ماوەیەک و لە دیدارێک دا لەگەڵ بنەماڵە و پارێزەرەکەی هەموو ئەو تۆمەتانەی بە درۆ خستبۆوە.

شایانی باسە کە بەرپرسانی بەندیخانەی ورمی لە ١٣ ڕۆژ پێش ئیعدامەوە ناوبراویان لە شوێنی مانەوەکەی لە زیندانی ورمی بۆ بەشی تایبەتیی ئیعدام ڕاگواستبوو. تا سەرەنجام ڕۆژی ٢٥ی بەفرانبار لە سێدارە درا.

# بەڕێوەچوونی خۆپیشاندانێک لە سلێمانی بۆ مەحکوومکردنی فشاری دەوڵەتی سووریە بۆ سەر کوردەکانی ئەو وڵاتە

بە مەبەستی مەحکوومکردنی ئەو فشارانەی کە لە لایەن حکوومەتی بەعسی سووریەوە لە ڕۆژئاوای کوردستان خراوەتە سەر نەتەوەی کورد ، پاش نیوەڕۆی هەینی ١٧ی بەفرانبار، کۆبوونەوەیەک لە سەکۆی ئازادیی پارکی ئازادی شاری سلێمانی بەڕێوە چوو.

لەم کۆبوونەوەیە کە لە لایەن کومیتەیەک بە ناوی «دەسپێشخەری پشتگیری لە ڕۆژئاوای کوردستان» ڕێک خرا بوو، سەرەتا بەیاننامەی کومیتەکە خوێندرایەوەو پاشان چەند کەسێک لە پێوەندی لە گەل ئەو فشارانەدا قسەیان کرد کە لە ڕابردوو و ئێستادا لە ڕۆژئاوای کوردستان خراونەتە سەر نەتەوەی کورد.

پاش خوێندنەوەی بەیاننامەی کومیتەی «دەسپێشخەری پشتگیری لە ڕۆژئاوای کوردستان»، «سالار مەحموود»، سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ لە پارلمانی کوردستان وتارێکی پێشکەش کرد.

ناوبراو لە وتارەکەیدا لە ڕوانگەی مافەکانی مرۆڤەوە تیشکی خستە سەر بارودۆخی نەتەوەی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان و فشارەکانی دەوڵەتی سووریەیی بۆ سەر چالاکانی کورد لەو پارچەیەی کوردستان دا مەحکووم کرد.

لە درێژەی ئەم کۆبوونەوەدا وێڕای چەند کەسی دیکە، «د. سروە»، نوێنەری کۆمەڵەی کورد و کانەدا بۆ مافەکانی مرۆڤ، «عەتا جەمالی»، نووسەر و وەرگێر، «تەها سەر سپی»، شاعیر و «بەهێز حسین»، ڕۆژنامەنووس وتاریان پێشکەش کرد و ناڕەزایەتیی خۆیان دژی پێشێل کردنی مافە نەتەوەییەکانی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان دەبڕی.

ئەم کۆبوونەوەیە کە بە بەشداریی کوردەکانی هەر چوارپارچەی کوردستان، هەیئەتیکی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، نوێنەرانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان بەڕێوە چوو، نزیکە دوو کاتژمێری خایاند.

# دادگای لێکۆڵینەوە لە تێرۆری ڕفیق حەریری خامنەی بە تاوانباری سەرەکی ئەو کارە دەزانێ

سەرچاوە ڕۆژئاواییەکان باس لەوە دەکەن کە دادگای لێکۆڵینەوە لە تیرۆری ڕفیق حەریری سەرۆک وەزیرانی پێشووتری لوبنان، ڕاستوخۆ پەنجەی تاوانی بۆ لای عەلی خامنەیی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ڕاکێشاوە، چونکە خامنەیی ساڵی ٢٠٠٥ی زایینی حوکمی کوشتنی حەریری دەرکردبوو.

هەر ئەو سەرچاوانە ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەو حوکمەی خامنەیی لە لایەن سەرداری پاسدار قاسم سولەیمانی، فەرماندەی سوپای قودسی سەربە سوپای پاسدارانی ڕژیمەوە بە تێرۆریستێکی لوبنانی بە ناوی عیماد مۆغنییە ڕاگەیەندراوە، کە فەرماندەیی بەشێکی زۆر لە هێزە نیزامییەکانی حیزبوللای لوبنانی لە ئەستۆ بوو.

ئەو سەرچاوانە باس لەوە دەکەن کە خامنەیی، ڕفیق حەریری بە کۆسپێکی گەورە لە بەردەم پەلهاویژییەکانی حکوومەتەکەی و بەکرێگیراوانی لە لوبنان دا دەزانی، هەر بۆیە بریاری کوشتنی ناوبراوی دەرکردوە.

## دوکتور بەرهەم سالح:

# ئیزن بە وڵاتانی دراوسێمان نادەین دەست لە کاروبارمان وەربدەن

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە لێدوانێکی دا بۆ هەواڵدەری « مهر» ی ئێران ڕایگەیاند کە ئیزنی ئەوە بە هیچ کام لە وڵاتانی دراوسێمان نادەین کە دەست لە کاروباری ئێمە وەر بدەن.

دوکتور بەرهەم سالح لە وەڵامدانەوە بە پرسیارەکانی هەواڵنێری « مهر»دا ڕایگەیاندوە کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕەچاوەی هەموو یاسا نێودەوڵەتییەکان دەکا و لە لایەن خۆیەوە ئیزنی ئەوە بە هیچ هێزێک نادا خاکی هەرێمی کوردستان بە دژی ئێران بەکار بهێنی، بەڵام لە گەل ئەوەش دا ئیزنی ئەوە بە هیچ وڵاتێکی دراوسێی هەرێمی کوردستانیش نادا کە دەست لە کاروباری نێوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان وەربدەن.

دوکتور بەرهەم سالح لە وتوێژەی دا باسی لە پەرەپێدان بە سەودا و بازرگانیی نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و ئێران کردوە و لە پێوەندی لە گەل ئەمنییەتی سنوورەکانی نێوان دوو لایەن دا ڕوونی کردۆتەوە کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە گەل دەوڵەتانی ئێران و تورکیە کومیتەی هاوبەش و تایبەتیان بۆ تاوتوێکردن و پاراستنی ئەمنییەتی سنوورە هاوبەشەکان پێک هێناوە.

## دکتۆر مەحموود عوسمان :

# وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستان تیرۆریستن نەک پژاک و پە کە کە

دوکتور مەحموود عوسمان، سیاسەتمەدار و ئەندامی پارلمانی عێراق لەسەر لیستی فراکسیۆنی کوردستانی ڕایگەیاندوە کە لیژنەی سراوانی کورد مافی ئەوەیان نییە پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاک) یان پارتی کرێکارانی کوردستان، (پە کە کە)، بە تیرۆریست ناو ببەن.

دکتۆر مەحموود عوسمان لە لێدوانێک دا بۆ سایتی بەیانی ڕاگەیاندوە کە لیژنەی سراوانی کورد لە لای بەرپرسە ئێرانییەکان نابی ئەو مافە بە خۆیان بدەن کە بە هێزێکی کوردی بڵێن تیرۆریست. مەحموود عوسمان هەروەها ئاماژەی بەوەش کردوە کە تیرۆریست ئەو وڵاتانەن کە چاویان بە مافەکانی کورد هەڵ نایە و گەلی کوردیان بەسەردا دابەش بووە.

دوکتور مەحموود عوسمان هەروەها ڕایگەیاندوە کە ئەو وڵاتانەی کە کوردیان بەسەردا دابەشبووە، بۆ خۆیان تیرۆریستی نێودەوڵەتین و ئەو هێزە کوردییانەش کە بۆ گەیشتن بە مافە سەرەتاییەکانی نەتەوەکەیان خەبات دەکەن، شۆڕشگێرن نەک تیرۆریست.

جێی وەبیرهێنانەوەیە کە هوشیار زێباری، وەزیری دەرەوەی عێراق لە چاوپێکەوتنی لە گەل وەزیری دەرەوەی ئێران، عەلی ئەکبەر سالحی، پارتی ژیانی کوردستان، (پژاک)ی بە تیرۆریست ناوبردبوو.

## درێژەی:

# ئاڵۆزبوونی زیاتری ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئامادەیی کورد بۆ هەلومەرجی تازە

ئەنجام هەرچی بێ لە حاڵەتی هەڵگیرسانی شەڕێکی ئەوتو دا یەک مەسەلە بۆ ئەمریکا، ئیسرائیل و غەرب ڕوون و پرێستیژییە. ئەویش ئەوەیە کە بە هیچ شێوەیەک ناتوانن ڕێگا بدەن کە ئێران براوەی ئەو شەڕە بێ. سەر کەوتنی ئێران لە شەڕێکی ئەوتو دا بە مانای چەقینی ئەوانە لە زەلکاویک دا کە داهاتووی چەندین ساڵەی سیاسی، نیزامی و ئابوریان دەتوانی قوت بدا. بۆیە ڕووداوی شەڕێکی ئەوتو بە هەر لایەک دا بکەوێ، هەلومەرجێکی تازە، بە ئیمکانات یا ڕیسکی تازەوە لە گەل خۆی دێنی. هەم بۆ ناوچەکە و هەم بۆ گەلی کورد بە تایبەتی. ئەگەر ڕێژیمی ئێران لە شەڕەکەدا بدۆڕێ، ئەوا دەرفەتی باش بۆ سەرکەوتنی دێموکراسی لە ناوچەدا پێک دێ، کە ئەوەش بە تۆبەی خۆی هەلی دابین بوونی مافی گەلان پێک دێنی. جگە لەوە بە شکستی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەدا، دەرفەتێکی لە بار پێک دێ تا مە سەلەی فەلەستین چارەسەر بکرێ، کە ئەوەش دیسان مە سەلەی کورد لە ناوچەدا دە باتە پلەی یەکەم و لە چارەسەری نیزیک دەکاتەوە. بە پێچەوانەشەوە ئەگەر کۆماری ئیسلامی سەرکەوتن بەدەست بێنی، هەم بۆ چارەسەری مەسەلەی فەلەستین و هەم بۆ بەرەوپێشچوونی مەسەلەی کورد، ئاستەنگی و گرفتی زۆر دروست دەبێ. تەنانەت ئەو دەسکەوتانەی تائێستاش کورد بوویەتی، بەتایبەت لە باشوور دا، زۆر دەکەونە ژێر مەترسییەوە.

حاڵەتێکی دیکە ئەوەیە کە ڕێژیمی ئێران فشارێک لە لوبنان بێنی و لە دوای ماوەیەک لە گەل غەرب و تەنانەت لە گەل ئیسرائیلیش ساتوسەودای پێ بکا. ئەویش لە سەر ئەو بناغەیەی کە ئەوان فشاری ئابووری و سیاسی و لە سەر ڕێژیم کەم کەنەوە و لە مەسە لە نیوخۆییەکانیش دا کاریان بە کاری نەبێ. لە بەرامبەریش دا ئەو دەست هەڵگری لە وروژاندنی توندڕەوانی ئیسلامی لە لوبنان و فەلەستین دا و پشتیان تێ بکا.

ئە وەی جێگای بیر کردنەوەو هە لسەنگاندنە ئەوەیە کە کورد پێویستە بۆ هەریەک لەو سناریۆیانە خۆی ئامادە بکا. چ ئەو سناریۆیانەی کە دەرفەتی کە ڕیسکی گەورەیان بە دواوەیە و چ ئەو سناریۆیانەی کە دەرفەتی گرنگ لە گەل خۆیان دێنن. هەم بۆ کەلکوەرگرتن لە دەرفەتەکان و هەم بۆ بەرگری کردن لە بەرامبەر ڕیسکە کان دا، تەنیا یەک فاکتۆری گرنگ دەتوانی کار ساز بێ، ئەویش فاکتۆری کۆکردنەوەی هێزی نەتەوەیی و ڕێکخستنی بنەماڵەی نەتەوەییە. کاتی ئەوە هاتوە کە حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان یەک بگر ن و هەوڵ بدەن لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا هێزی نەتەوە کوکەنەوە و ڕێک و پێکی بکەن. جێگای خۆیەتی دەست لە دووبەرەکی و یەکتر تاوانبارکردن و شکاندن هەڵگرن . لە هێنانەوەی بەهانەی بی بناغە بۆ یەکتر لە مەیدان دەرکردن دەست هەڵگرن . دەست هەڵگرن لە دادگا دانان بۆ یەکتری وهێنانە ژێر پرسیاری مە شروعییەتی یەکتری. ئەوانەی لێک نیزیکن و مێژوویان یەکە، پێویستە لەو دەرفەتە کەلک وەرگرن و یەک بگرن، نەک هەوڵ بدەن هەرچی زۆرتر لێک دوور بکەونەوە. پێویستە خاڵە هاوبەشەکان بەهێز بکرین و کەلکیان لی وەربگیرێ، نەک ئینکار بکرین وبە کۆسپ دابنرین. لە ڕاستی دا ئەو خاڵە هاوبەشانە شانسێکی گەورەی سەرکەوتنی خەباتی نەتەوەیین، پێویستە بە دڵ و گیان بیانپارێزین.

دریژەی :

## بەیاننامە

# بەبۆنەی ٦٥ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستانەوە

گوزەران و باری ئابووریی خەڵک لە چاو ئەو سەردەمەو لە چاو ناوچەکانی دیکەی ئێران زۆر باشتر ببوو. ئەوانە دەسکەوتە سیاسی، فەرهەنگی و ئابوورییەکانی کورد لەو سەردەمە زێرینە دا بوون. بەڵام دەسکەوتە مەعنەوی و رەوانییەکانی ئەم رووداوە ناژمێردرێن و لە گوتن نایەن. هەربۆیە پەیام و ئامانجەکانی کۆماری کوردستان توزی کۆنییان لەسەر نانیشی و ئێستاش سەردێری ویست وداخوازە سیاسییەکانی نەتەوەی کورد پێک دێنن. ئەگەرچی ئەمە لەلایەک جێگەی داخە کە پاش زیاتر لە شەش دەیە خەبات و فیداکاری، کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان بەو دەسکەوتانە نەگەیشتوتەوە کە کۆماری کوردستان وەدەستی هێنابوون، بەڵام لەلایەکی دیکەوە رەوایی و هەقانیەتی ئەو ئامانجانە دەگەیەنێ کە کۆماری کوردستانیان لە پێناودا دامەزراو حیزبی دیموکراتی کوردستان شانازی بەوە دەکا کە هەروا وەفاداری بە ئامانجەکانی کۆماری کوردستان.

**خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان!**

کۆماری کوردستان زۆر دەرسی بەنرخی تێدان کە لێ وردبوونەوەیان رێگای داهاتوومان زیاتر روونتر دەکەنەوە. کۆماری کوردستان لەگەڵ ئەو هەمووە شانازییەی کە بۆ میژووی کوردی تۆمار کردن، بەهۆی دەرفەتی کەم و تەمەنی کەمی، وێڕانەگەیشت هەموو دامودەزگا دیموکراتیکەکان یەک لەوان پارلمان دابمەزرێنێ. جگە لەمەش دیکتاتوریی رێژیمی رەزا شاو نەبوونی تێکۆشانی سیاسی رێگەی لەوە گرتبوو کە حیزب و رێکخراوی جۆراوجۆر دابمەزرێن. حیزبی دیموکراتی کوردستان بەرهەمی خەباتی نهێنیی کۆمەڵەی « ژ ـ ک »و نەمانی دەسەڵاتی رێژیم لەم ناوچەی کوردستان دابوو. هەربۆیە حکوومەتی جمهووریی کوردستان بە بەشداری و پشتیوانیی تاکە حیزبێک بوو. بەو حاڵەش ئەو ئازادی و دیموکراسییەی لە سایەی ئەو حکوومەتەدا هەبوو ئێستاشی لەگەڵدا بێ دوای ٦٥ ساڵ، لە هیچ قوناغێکی مێژووی ئێران و لە هیچ ناوچەیەکی ئێراندا نەدیتراوە. ئەوەش شانازییەکی گەورەی رێبەرانی کۆماری کوردستان و شەخسی پێشەوا قازییە کە تا ئەو رادەیە بە بنەماکانی ئازادی و دیموکراسی پابەند بوون. ئێستا بە هۆی پەرەگرتنی بیری ئازادیخوازی و هەستی نەتەوایەتی و هەروەها چوونەسەری ئاگایی سیاسیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لەمەیدانی سیاسیی کوردستاندا چەند حیزب و رێکخراوی کوردی حوزووریان هەیە. بوونی چەند حیزب ورێکخراوی سیاسی لە کوردستان بە مەرجێک پێشبرکێیەکی دیموکراتیک وپێوەندییەکی سالمیان لە نێوان دابێ و پێکەوە هاوکاری و هەماهەنگیان هەبێ، نەک هەر جێی نیگەرانی نیە بەڵکوو دیموکراسی و پلورالیزمی سیاسی لە داهاتووی کوردستان دا دەستەبەر دەکا. حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ گەیشتن بەو ئامانجە هیچ کۆسپ و تەنانەت مەرجێک بە رەوا نازانێ. لەم پێوەندییە دا تێکۆشاوەو لە داهاتووش دا هەوڵ دەدا ئەو پێوەندی و هاوکارییە لە نێوان هێزە کوردستانییەکان دا پێک بێ.

نەبوونی هاوکاری و هەماهەنگی لەنێو هێزە پێشکەوتنخوازو دیموکراتیکەکانی سەرانسەری ئێران یەکێک لە هۆیە دەرەکییەکانی رووخانی کۆمار بوو. ئەمە دەستی رێژیمی پاشایەتیی ئاوەڵاتر کردەوە کە بە ئاسانی بتوانێ تەوای سەنگەرەکانی ئازادی بڕووخێنێ و باڵی رەشی دیکتاتۆری جارێکی دیکە بەسەر هەموو وڵات دا بکێشێ. ئەو کاتیش و لە سەردەمی کۆماری ئیسلامییش دا نەبوونی هاوکاری و هەماهەنگی لە نێوان هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆندا بواری بۆ بەرێوەچوونی پیلانی رێژیمە دیکتاتۆرەکان پێک هێناوە. حیزبی دیموکراتی کوردستان ئامادەیە بۆ کۆتایی هێنان بەو کەمتر خەمی و لاوازیە کە لەمێژە بەرۆکی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی گرتوە لەگەڵ هەموو هێزە پێشکەوتنخوازو دیموکراتیکەکانی ئێران هاوکاری بکا.

کۆماری کوردستان وچارەنووسەکەی دەریان خستوە کە هۆی دەرەوە هەرچەند کاریگەریش بن عامیلی یارمەتیدەرن نەک عامیلی چارەنووسساز. کۆماری کوردستان بە یارمەتیی هەلومەرجێکی جیهانی بە دوای شەڕی دووەمی جیهانیداو لە ئاکامی لاوازبوونی دەوڵەتی ناوەندی دامەزرا. پتەوکردن و پاراستنی کۆماری کوردستان لە ئەستۆی خودی کورد بوو نەک عامیلی دەرەوە. ئەو دەرسە لە کۆماری کوردستان بەجێ ماوە کە کورد دەتوانێ کەڵک لە هەلومەرجی دەوەوە وەرگرێ بەڵام بۆخۆی دەبێ دەسکەوتەکانی بپارێزێ و چاوی لە عامیلی دەرەوە نەبێ.

**هاونیشتمانانی بەڕێز!**
**خەڵکی تێکۆشەرو مافخوازی کوردستان!**

لە حاڵێکدا لە ماوەی ٦٥ ساڵی رابردوو دنیا ئاڵوگۆڕێکی یەکجار زۆری بەخۆیەوە دیوەو مرۆڤایەتی قەڵەمبازی گەورەی لە پێشکەوتن و لە دیموکراسی دا هاویشتوون، بەداخەوە هەلومەرجی ئێران و کوردستان رەوتی پێچەوانەی ئەم مێژوویەی بڕیوە. شانبەشانی هەوڵ و خەباتی نەتەوەی کورد بۆ وەدەستهێنانی ئامانجەکانی کۆماری کوردستان، دیکتاتۆری و سەرکوتی رێژیمەکان بە تایبەتی لە سەردەمی کۆماری ئیسلامی دا پێی ناوەتە قوناغێکی ترسناکترو بێبەزەییانەتر. ئەو رەوتە ئەرکی نەتەوەی کورد بە گشتی و هێزە ئازادیخوازەکانی کوردی قورستر کردوە. لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا تەنیا یەکیەتی و یەکڕیزیی بزووتنەی کورد دەتوانێ دەروویەکی روون بە رووی کۆمەڵانی خەڵکی تامەزرۆی ئازادیی کوردستان دا بکاتەوەو نیگەرانیی ئەوان لە داهاتوو بڕەوێنێتەوە.

مێژووی کۆماری ئیسلامی ئەگەر لەلایەک بە شەروکێشە لەگەڵ نەیاران و هێزە ئازادیخوازەکانی ئێران تێپەڕیوە، لەلایەکیش بە کێشەو مململانێی نێوخۆی دەسەڵات دا تی پەڕیوە. شانبەشانی سەرکوت و لادانی ئۆپۆزیسیۆن لەسەر رێگای خۆی، رەقیب و شەریکە دەسەلاتەکانیشی وەلا ناوە. بە چەشنێک ژمارەیەکی زۆر لە کەس و هێزە خودییەکان ئەمڕۆ لە دژی راوەستاون. ئەمڕۆ تاقە جەناحی سەرکەوتوو لە کۆماری ئیسلامی دا سوپای پاسدارانە کە دەستی بەسەر زۆربەی ناوەندە سیاسی و ئابوورییەکانی وڵات دا گرتوە.

ئەم رەوتە روخساریکی دزێوو ناشیرینی لە نێوخۆو لە نێو کۆرکۆمەڵە جیهانییەکاندا لە کۆماری ئیسلامی وینا کردوە. هەر بۆیەش ئەم رێژیمە لە دنیای دەرەوەدا لەگەڵ فشاری کۆرکۆمەڵە مرۆڤدۆستەکان وتەحریمی ئابووریی دەوڵەتان بەرەوڕوویەو لە نێوخۆشدا لەگەڵ حەرەکەتیکی بەرینی کۆمەڵانی خەڵک.

ئەمڕۆ بە خۆشییەوە بەپێچەوانەی ساڵانی رابردوو کوردستان تاقە سەنگەری دیفاع لە ئازادی نیە، بەڵکوو شەقامەکان بوونەتە مەیدانی بەربەرەکانیی میلیۆنیی کۆمەڵانی ئازادیخوازی ئێران بە هەموو نەتەوە و چین و توێژەکانیەوە. ئەگەر ئەم بزووتنەوەیە لە مەقتەعێکدا نوشوستی هەبێ گومانی تێدا نیە لە مەقتەعێکی دیکە دا بە تین و تەوژمێکی نوێترەوە سەر هەڵ دەداتەوە. ئەو بزووتنەوە بەرینەی کە لەم یەک دوو ساڵەی رابردوودا لە شەقامەکان لە گۆڕێ دابووە بە بزووتنەی سەوز ناسرا، شکلی گەشە کردوو و رادیکاڵی ئەو بزووتنەوەیەیە کە لە رابردوو دا بە ویست و داخوازی ریفۆرمیستییەوە هاتە مەیدان و کاتێک سەرکوت کراو پشت گوێ خرا هەم رێبەرانی ئەوکاتی بەجێ هێشت و هەم قووڵترو بەرفرەوانتر بۆوە. ئەم بزووتنەوەیەش ئەگەر هەروا سەرکوت بکرێ، رێگەیەک بۆخۆی دەدۆزێتەوە کە چارەنووسساز بێ. بۆیە پێویستە ئۆپۆزیسیۆنی کورد لە پێشدا لە نێوخۆیدا و پاشان لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی سەرانسەری ئێران بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ هەر رووداوێک لە داهاتوو دا خۆیان ئامادە بکەن. جگە لەمانەش چالاکییە ئەتومییەکانی کۆماری ئیسلامی و لێبراویی دنیای دەرەوە لە رێگە پێگرتن لە کۆماری ئیسلامی، قەیرانێکی نێونەتەوەیی بۆ ئەم رێژیمە خولقاندوە کە داهاتوویەکی لێل و نارونی خستوتە بەردەمی ئەم رێژیمەوە.

**هاو نیشتیمانانی خۆشەویست!**
**خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان!**

حیزبی دیموکراتی کوردستان هەروا بە ئامانجەکانی کۆماری کوردستان وەفاداره و لە پێناوی وەدیهێنانیاندا تا سەر تی دەکۆشێ. پەیام و ئامانجەکانی کۆماری کوردستان ئێستاش لە بەرنامەی ئەم حیزبە دا جێگەیەکی تایبەتیان هەیە. ٦٥ ساڵە کوردستان بۆتە مەیدانی بزووتنەی سیاسی و بەربەرەکانی لەگەڵ دیکتاتۆری. خەڵکی کوردستان و حیزبی دیموکراتی کوردستان ئەزموونێکی ٦٥ ساڵەیان لە درێژەدانی رێگاو رێبازی کۆماری کوردستان و خەبات لە پێناوی ئامانجەکانی ئەو کۆمارە دا وەدەست هێناوە. وشیاری و ئاگایی سیاسی و نەتەوەیی لەچاو ٦٥ ساڵ لەوەپێش زۆر لەسەرترە و خەبات لە پێناوی دیموکراسی و مافی نەتەوەیی دا، هەمە لایەنەو گشتگیر بووە. هەر بۆیە بزووتنەوەی کورد بە وزەو پوتانسیەلێکی لە بڕان نەهاتووە و بە ئەزموونێکی دەوڵەمەندترەوە بەرەو داهاتوو هەنگاو دەنێ.

ـ بەرزو پیرۆز بێ یادی دامەزرانی کۆماری کوردستان

ـ سڵاو لە پێشەوا قازی محەممەد دامەزرێنەرو یەکەم سەرکۆماری کورد

– بەرقەرار بێ ئامانجەکانی کۆماری کوردستان

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**٣٠ی بەفرانباری ١٣٨٩**
**٢٠ی ژانویەی ٢٠١١**

**نەبوونی هاوکاری و هەماهەنگی لەنێو هێزە پێشکەوتنخوازو دیموکراتیکەکانی سەرانسەری ئێران یەکێک لە هۆیە دەرەکییەکانی رووخانی کۆمار بوو. ئەمە دەستی رێژیمی پاشایەتیی ئاوەڵاتر کردەوە کە بە ئاسانی بتوانێ تەوای سەنگەرەکانی ئازادی بڕووخێنێ**

**کۆماری کوردستان لەگەڵ ئەو هەمووە شانازییەی کە بۆ میژووی کوردی تۆمار کردن، بەهۆی دەرفەتی کەم و تەمەنی کەمی، وێڕانەگەیشت هەموو دامودەزگا دیموکراتیکەکان یەک لەوان پارلمان دابمەزرێنێ.**

**حیزبی دیموکراتی کوردستان هەروا بە ئامانجەکانی کۆماری کوردستان وەفاداره و لە پێناوی وەدیهێنانیاندا تا سەر تی دەکۆشێ**

# «کوردستان» لە دەستەملانێی دوو بیرەوەریی شیرین دا

قادر وریا

لە بەرەبەری دامەزرانی ٦٥ ساڵەی جمهوورییی کوردستاندا، «کوردستان» رۆژمانەی زمانحاڵی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کەوتوتە نێوان دوو بیرەوەریی خۆش کە هەردوویان پێوەندیی ڕاستەوخۆیان بە مێژووی ئەم رۆژنامەوە هەیە.

**بیـــرەوەری یـــەکـــەم:** ئەم ژمارەیەی «کوردستان» (ژمارە ٥٥١)، هاوکاتە لەگەڵ شێست و پێنجەمین ساڵڕۆژی لەدایکبوونی. لە ٢٠ بەفرانباری ١٣٢٤، کەمتر لە دوو حەوتوو پێش ڕاگەیاندنی جـــمـــهـــووریـــی کـــوردســـتـــان، حیزبی دێموکراتی کوردستان، یـــەکـــەم ژمـــارەی رۆژنـــامـــەی «کوردستان»ی وەک زمانحاڵی خۆی بڵاو کردەوە. دەرچوونی یەکەم ژمارەی «کوردستان» لە مەهاباد لە حاڵێکدا بوو کە مانگێک و ٥ ڕۆژ پێشتر، لە ١٥ سەرماوەزی ئەو ساڵەدا، حیزبی دێموکراتی کوردستان، بڵاوکردنەوەی گۆڤارێکیشی هەر لەژێر ئەم ناوەدا، دەست پێ کردبوو.

لەگەڵ دامەزرانی جمهوورییی کوردستان لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوی دا، رۆژنامەی «کوردستان» بوو بە رۆژنامەی یەکەم دەسەلاتی مۆدێرنی کورد. لە سەردەمێکدا کە ئامێرێکی دیکەی پێوەندی و ڕاگەیەنێکی پێشکەوتوو لە دەست کورد و بەرێوەبەرانی کۆماردا نەبوو، «کوردستان» رۆڵێکی گرینگی لە پێوەندیی نێوان کۆمارو حیزبی دێموکراتی کوردستان و خەڵکی تامەزرۆی ئازادی و هۆگری ئەم دەسەلاتەدا، گرتە ئەستۆ ئەگەر پێشتر خزمەتکاران وشەی کوردی و هۆگرانی چاپ و بڵاوکردنەوە، بۆ چاپی گۆڤارێک بە زمانی کوردی، دەبوایە ڕێگای تەرێز و شوێنی دوورتریان گرتبایە بەر، لە سایەی دەسەلاتدارەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و جمهوورییی کوردستاندا، مەهاباد پێتەختی کۆمار بوو بە خاوەنی چاپخانە. «کوردستان» لە چاپخانەی خۆی و لەنێو نەتەوەی خۆی و لە سێبەری دەسەلاتێکی کوردیدا، بڵاو بۆوە. ئەم دەورەیەی «کوردستان» کە تا دوا ڕۆژەکانی تەمەنی کۆماری خایاند، ١١٣ ژمارەی لێ دەرچوو. «هەر ناوچەیەک تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی تێدا بووبێ،... لە سەرتاسەری قەڵەمڕەوی حکوومەتی میللی کوردستان و ناوچە کوردنشینەکانی ئازەربایجان (ئازەربایجانی ڕۆژئاوا) دا، وەک ئەغدەر، ماکۆ، شنۆ، خۆی، سۆما، سندووس، شاپوور، ورمێ، لاهیجان، پیران، میاندواو، بۆکان، مەنگور، مەهاباد، بڵاوبۆتەوە. بێگومان بە نهێنی لێی گەیەنراوەتەوە ناوچەکانی تری کوردستان و کرماشان و دیوی کوردستانی گەرمێن (عێراق) یش». (١)

«کوردستان» لەم دەورەیەدا ئەگەر لەلایەکەوە تریبوونی دەزگاکانی حکوومەتی جمهووری و بەرێوەبەرێتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بووە و سیاسەت و هەڵوێست و بڕیاری ئەوانی لە بواری جۆراوجۆر (سیاسی، سوپایی، ئابووری، بازرگانی، فەرهەنگی، قانوونی و کۆمەڵایەتی)دا بە خەڵک ڕاگەیاندووە، هەڵگری نوێترین بەرهەمەکانی شاعیران و ئەدیبانی نیشتمانپەروەری ئەو سەردەمە بۆ هۆگرانیان بووە. شانبەشانی ئاگادار کردنەوەی خوێنەرانی لە ڕووداو ئاڵوگۆڕە سیاسییەکان و قەڕارو بڕیارو لێدوانەکانی کاربەدەستانی دەسەلاتی کوردی، هەوڵی بەرەوژوور بردنی ئاستی ڕۆشنبیریی خوێنەران و بڕەودان بەئەدەبیاتی کوردی و بووژانەوەی زمانی نەتەوەکەی داوە. دەتوانین بڵێین ئەم رۆژنامەیە، جگە لەوەی لەم دەورەیەدا، رۆڵێکی سیاسی و میدیایی و ڕۆشنبیریی گرنگی لە قۆناغێکی گرینگی ژیانی سیاسیی میللەتەکەی دا بینیوە، بووە بە سەرچاوەیەکی زۆر دەوڵەمەند بۆ لێکۆڵەرانی سەردەمی ئێستا کە بیانەوێ لەم قۆناغەی مێژووی نەتەوەی کوردستان کوردستان و لایەنە جۆراوجۆرەکانی جمهوورییی کوردستان و کارو دەسکەوتە کولتوورییەکان لەو قۆناغەدا بکۆڵنەوە.

**بیرەوەریی دووەم:**

لە مانگی بانەمەڕی ١٣٤٩ی هەتاویدا، یەکەم ژمارەی دەورەی ئێستای «کوردستان» بڵاوبۆوە. بەم پێیە لە ڕێبەندانی ئەمساڵدا، چل ساڵ بەسەر دەست پێکردنی ئەم دەورەیەی «کوردستان» دا، دەکرێتەوە و ڕۆڵێکی بەرچاو لە ڕێنوێنیی فکری و سیاسیی تێکۆشەران و ئەندامانی حیزب و لێک نزیککردنەوەیاندا دەبینێ. لەدوای ڕووخانی ڕێژیمی شایەتی و دەست پێکردنی تێکۆشانی ئاشکرای حیزب، لە هەڵومەرجێکی نوێ و لە زیندی جارانی، لە سێبەری ئازادیدا، بڵاوبۆوە. بەلام زۆری نەخایاند حیزبی دێموکرات و خەڵکی کوردستان کەوتنە بەر شاڵاوی هێرشی سوپای ڕێژیمی تازەو، «کوردستان» شانبەشانی هێزی پێشمەرگەو تێکۆشەرانی ئاشکرای حیزب ڕێگای چپای گرتە بەر. ساڵانێکی زۆر لەم قۆناغەی دوایی تەمەنی خۆی لە هەڵومەرجێکی سەخت و لەوپەڕی بێ ئیمکانی دا بردۆتە سەر، بەلام بەو هۆیەوە کە زمانحاڵ و ڕۆژنامەی ئۆرگانی گرینگترین حیزبی سیاسیی نێو جەرگەی بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی کوردستان بووە، لە نێو کادرەکان، پێشمەرگەکان و ئەندامانی حیزبدا و هەروەها لە لای هۆگران و دۆستانی حیزبی دێموکراتیشدا، جێگای خۆی هەبووە. ئەم دەورەیەی ڕۆژنامە لە بەشێکی زۆری تەمەنی خۆیدا، دەچێتە خانەی ڕۆژنامەنووسیی نهێنی و شاخ و، بەهۆی بەردەوامی و بڵاوبوونەوەی جاربەجار ریکوپێکتری و، خۆتەرخانکردنی بۆ ڕووداو و پرسەکانی پێوەندیدار بە حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی نەتەوەیی لە بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان و سیاسەت و پێلانەکانی دەوڵەتانی دژ بە کورد بە سەرچاوەیەکی گرینگ بۆ لێکۆڵینەوەی مێژوویی لە بارەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و ئەم چەند دەیەی دوایی دەژمێردرێ.

«کـــوردســـتـــان» پـــاش تێپەڕبوونی ٦٥ ساڵ بەسەر لە دایک بوونی دا بە دوای ڕابردنی چل ساڵ بە سەر تەمەنی دەورەی ئێستای دا، لەسەر ڕێبازی هەمیشەیی خۆی، : بڵاوکردنەوەی بیری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و هەوڵدان بۆ بەرەوپێشبردنی پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەدیهێنانی ئامانجەکانی کۆماری کوردستان بەردەوامە. لە درێژەدانی ئەم ڕێگایەشدا بە ئەزموونە دەوڵەمەندەکانی تەمەنی پڕ هەورازو نشێوی خۆی دڵگەرمە و هەوڵ دەدا لە دەسکەوتەکانی ڕۆژنامەنووسیی سەردەمی نوێ، بەرچاو ڕوونی وەربگرێ، ئەگەرچی تا گەیشتنی بە ئاستی ڕۆژنامەیەکی سەردەمیانەی سەرکەوتوو، جاری هێشتا مەودایەکی زۆری لەپێشە.

بە بۆنەی ئەم دوو یادی لە دایکبوونە، وێڕای بە ئاواتخواستنی بەردەوامی و بەرەو پێشچوونی هەمەلایەنەی «کوردستان» پیرۆزبایی لە هاوکارانم لەم ڕۆژمانەیە و سەرجەم هۆگران و خوێنەرانی «کوردستان» دەکەم. بە ئیجازەی نەسلی ئەمڕۆی بەرێوەبەران، نووسەران و سەرجەم کارگێڕانی ڕۆژمانەی «کوردستان»ەوە سڵاو بۆ هەموو ئەو مرۆڤە دڵسۆزانەدەنێرم کە بە زەحمەتی بێدرێغی خۆیان لە قۆناغ و سەردەمە جۆراوجۆرەکاندا مۆمی تەمەنی ئەم ڕۆژنامەیان بە داگیرساوی هێشتۆتەوە.

١) ڕۆژنامەی کوردستان، مەهاباد ١٣٢٥_١٣٢٤ هەتاوی (١٩٤٦)، ئامادەکردنی : ڕەفیق سالح و سەدیق سالح.ل ١٣٣)
(پـــڕۆژەی هـــاوبـــەشـــی دەزگـــای ئاراس و بنکەی ژین)

**«کوردستان» پاش تێپەڕبوونی ٦٥ ساڵ بەسەر لە دایک بوونی دا بە دوای ڕابردنی چل ساڵ بە سەر تەمەنی دەورەی ئێستای دا، لەسەر ڕێبازی هەمیشەیی خۆی، : بڵاوکردنەوەی بیری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و هەوڵدان بۆ بەرەوپێشبردنی پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەدیهێنانی ئامانجەکانی کۆماری کوردستان بەردەوامە.**

**لە سەردەمێکدا کە ئامێرێکی دیکەی پێوەندی و ڕاگەیەنێکی پێشکەوتوو لە دەست کورد و بەرێوەبەرانی کۆماردا نەبوو، «کوردستان» رۆڵێکی گرینگی لە پێوەندیی نێوان کۆمارو حیزبی دێموکراتی کوردستان و خەڵکی تامەزرۆی ئازادی و هۆگری ئەم دەسەلاتەدا، گرتە ئەستۆ**

# هێرش بۆ سەر کەمپی ئەشرەف، سەربەخۆیی بەغدا یان سەروەریی تاران

مەسعود رەواندوست

رۆژی هەینی ١٧ی بەفرانبار، ژمارەیەک لە هێزە عێراقییەکان وێرای چەندین کەس لە بەکێگیراوانی کۆماری ئیسلامیی ئێران هێرشیان کردە سەر کەمپی ئەشرەف لە باکووری شاری "خالص " کە زیاتر لە ٣٠٠٠ کەس لە ئەندامانی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵق تێیدا نیشتەجێن. لەم هێرشە جینایەتکارانەیەی بەکێگیراوانی ڕێژیمی ئاخوندیی ئێراندا بە وتەی ڕێکخراوی موجاهیدین زیاتر لە ١٧٠ کەس بریندار بوون کە ٩١ کەسیان ژن بوون. ئەم هێرشە لە کاتێکدایە کە چەند مانگە ژمارەیەک لە بەکێگیراوانی ڕێژیم بە دانانی ١٨٠ بلیندگو لە ماوەی ٢٤ کاتژمێری شەوو ڕۆژدا ژمارەیەکی زۆریشیان بریندار کرد. ئەم ڕووداوە نارەزایەتیی زۆری حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان و ڕێکخراوە ئێرانییەکان و ناوەندەکانی مافی مرۆڤی دنیای لێ کەوتەوە.

دوای ئەم هێرشە بێبەزەییانە بۆ سەر دانیشتوانی ئەم کەمپە کە لەسەر داوای کۆماری ئیسلامی و بە ئاگاداری و هەماهەنگی لەگەڵ لایەنێکی نێو دەسەلات بەڕێوەچوو، گوشارەکان بۆ سەر ئەم کەمپە هەر بەردەوام بوو و هێزەکانی کۆماری ئیسلامی و حکوومەتی عێراق بە شێوەی جۆراوجۆر هەوڵی ئازار و ئەشکەنجەی دانیشتوانی ئەم کەمپەیان داوە.

بە شێوەی بەردەوام خەریکی ئازار و ئەشکەنجەی دەروونیی دانیشتوانی ئەم کەمپەن.

کەمپی ئەشرەف کە ساڵی ١٣٦٥ی هەتاوی لە ١٠٠ کیلۆمیتریی باکووری بەغدا و لە ٨٠ کیلۆمیتریی سنووری ئێران وەک ناوەندی سەرەکیی هێزەکانی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵق دامەزرا، دوای ساڵی ٢٠٠٣ی زایینی کە هێزەکانی هاوپەیمانان دەستیان بەسەر عێراقدا گرت و هێزەکانی موجاهیدین چەکەکانیان ڕادەستی هێزەکانی هاوپەیمانان کردەوە، بە پێی کۆنوانسیۆنی ٤ی ژێنێڤ، کەوتە ژێر چاوەدێریی هێزەکانی هاوپەیمانان و تا خەرمانانی ساڵی ١٣٨٧ی هەتاوی لە لایەن هێزەکانی ئامریکاوە پاریزگاریی لێ دەکرا. بەلام دوای ئەم ڕێکەوتە چاودێری و بەڕێوەبەریی ئەم کەمپە سەرەڕای دژایەتیی زۆری ناوەندە مرۆڤدۆستەکان و لایەنگرانی مافی مرۆڤ تەحویلی هێزەکانی عێراق درایەوە.

بەهۆی نزیکی و بەستراوەیی بەشێک لە ڕێبەرانی شیعەکانی عێراق بە کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە و هەوەهارابردووی پێوەندی و هاوکاریی هێزەکانی موجاهیدین لەگەڵ ڕێژیمی پێشووی عێراق چاوەڕوان دەکرا مەترسیی دەستدرێژی و هێرش بۆسەر دانیشتوانی ئەم کەمپە پەرەبستێنێ و کۆماری ئیسلامی بتوانی ئامانجەکانی لە دژایەتی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵات باشتر بپێکێ و بەرنامەکانی لەم پێوەندییەدا ئاسانتر بەڕێوەبەری.

بەدوای ئەوەدا زۆری نەخایاند لە ٦ و ٧ی گەلاوێژی ١٣٨٨دا و لە سەر داوای ڕێژیمی تاران ژمارەیەکی زۆر لە هێزەکانی حکوومەتی عێراق بە هاوکاریی بەکێگیراوانی کۆماری ئیسلامیی ئێران هێرشیان کردە سەر ئەم کەمپە و ١١ کەس لە دانیشتوانی بێ چەکی کەمپەکەیان کوشت و دامەزراندنی ١٨٠ بلیندگۆ لە چەند مانگ لەمەوبەرەوە کە بە شێوەی ٢٤ کاتژمێر و بەردەوام خەریکی بڵاوکردنەوەی سووکایەتی و هەڕەشەی کوشتن و زۆرشتی دیکەی لەم چەشنەن نموونەیەکی دیکەیە لە هەلسوکەوتی دواکەوتووانە و دژەمرۆڤانەی کۆماری ئیسلامی لە دژی دژبەرانی.

هەر لە درێژەی ئەم سیاسەتانەدا ڕۆژی ٢٥ی ڕەزبەری ١٣٨٩ لە سەردەمێکدا کە حکوومەتی عێراق لەگەڵ قەیرانی پێکهێنانی دەوڵەتی نوێ بەرەوڕوو ببووە و لە بەرەبەری سەفەری نووری مالیکی بۆ ئێران جارێکی دیکە هێزەکانی عێراق هێرشیان کردە سەر ئەم کەمپە و ١٨ کەسیان لێ بریندار کردن.

دواتر لە ٥ی بەفرانباری ئەمسال هێزە عێراقییەکان کە بەڕێوەبەریی کەمپەکەیان بە دەستەوەیە بە پشتیوانیی ژمارەیەک تانک و زرێپۆش هێرشیان کردە سەر ئەندامانی ئەم ڕێکخراوەیە لە نەخۆشخانەی کەمپەکە و ژمارەیەکیان لێ بریندارکردن و دواتر لە نەخۆشخانەیان وەدەرنان. بە وتەی ڕاگەیەنەکانی موجاهیدین هێزە عێراقییەکان نەخۆشخانەکەیان کردوتە ناوەندێک بۆ ئازارو ئەشکەنجەی ئەندامانی ڕێکخراوەکەیان.

دواییەن هێرشیش بۆسەر ئەم کەمپە هەروەک باس کرا ڕۆژی ١٧ی بەفرانباری ئەمسال بوو کە ژمارەیەکی بەرچاو لە بەکێگیراوانی ڕێژیمی تاران لەژێر ناوی دانیشتوانی نارازیی ناوچەکە بە چەند ئوتوبوس برانە سەر کەمپەکە و بە دارو بەرد و شووشە بە شێوەیەکی بێ بەزەییانە و نامرۆڤانە هێرشیان کردە سەر دانیشتوانی ئەم کەمپە و ١٧٦ کەسیان بریندار کرد کە ٩١ کەسیان ژن بوون. دواتریش لە درێژەی ئەم هێرشەدا بریندارەکانیان لە نەخۆشخانە دەرکردن و ئیزنی چارەسەریی برینەکانیان پێ نەدان. ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە ئەم هێرشەش دوو ڕۆژ دوای سەردانی وەزیری دەرەوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە بەغدا بەڕێوەچوو و دەگوترێ کە یەکێک لە بابەتەکانی جێی باسی ناوبراوو بەڕپرسانی حکوومەتی عێراق گوشار هێنان بۆ سەر دژبەرانی ڕێژیمی ئێران و یەک لەوان ڕێکخراوی موجاهیدین بووە.

بە لێوردبوونەوەیەکی خێرا لە پێوەندییەکانی نێوان کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و کەسایەتییە شیعەکان و بەشێکی بەرچاو لە بەڕپرسانی حکوومەتی عێراق و شێوازی دواکەوتووانە و دڕندانەی کۆماری ئیسلامی لە بەرەوڕوو بوونەوە لەگەڵ دژبەرانی لەنێوخۆ و دەرەوەی وڵاتدا دەردەکەوێ کە ئەوەی لە پێوەندی لەگەڵ کەمپی ئەشرەف لەم ماوەیەدا کراوە شتێکی زۆر دوور لە چاوەڕوانی نیە و هەر بۆیەش ئەگەرو نیگەرانیی دووپات بوونەوەی جینایەتی لەم دەستە کەم نیە.

بەلام بێ وەبەرچاوگرتن و قەزاوەت لەسەر سیاسەت و کردەوەکانی ڕابردووی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵق لە هەلوێستی ئەو ڕێکخراوە لە حاند ڕاپەرینی خەڵکی وەزالەهاتووی ئەوکاتی عێراق بە دژی ڕێژیمی بەعس، (کە خۆی دەتوانێ ئەزموونێکی باش بێ) ئەوەی گرینگ و شیاوی لێوردبوونەوەیە ئەوەیە کە ئێستا ئەم کۆمەڵە ئینسانە بێ چەک و بێ دیفاعە کە لەم کەمپەدا دەژین بە پێی کۆنوانسیۆنی ٤ی ژێنێڤ و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان کەسانی پاریزراون و هێرش کردن و دەستدرێژیی لەم چەشنە کاریکی بە پێچەوانەی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان و یاساو ڕێساکانی مافی مرۆڤە و بە جینایەت لە کاتی شەڕدا دەژمێردرێ و مەحکوومە.

حکوومەت و بەڕپرسانی شیعەی حکوومەتی عێراق هەرچەندە لە ڕێژیمی ئاخوندیی ئێران نزیک بن و لەژێر کاریگەریی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامیدا بن، پێویستە ئەم ڕاستییە لەبیرنەکەن کە ئەم ڕێژیمە وەک ڕێژیمێکی دیکتاتۆرو سەرەڕۆ ناسراوە و لە لایەن خەڵکی ئێران و تەنانەت جیهانەوە ڕێژیمێکی بێزراوە. خەبات و هەوڵەکان بۆ نەهێشتنی ئەم ڕێژیمە لە زیادبوون دایە و ڕۆژ بە ڕۆژ بناغەکانی لەرزۆکتر دەبێ. تاقمی دەسەلاتدار لەم ڕێژیمەدا بۆ هێشتنەوە و پاراستنی دەسەلاتی دیکتاتۆریی خۆیان تەنانەت ڕەحم بە مەرجەعە تەقلیدە گەورەکانی شیعەش ناکەن و نیشانیان داوە کە لە نێوەڕۆکدا پاپەندی هیچ بنەمایەکی ئینسانی و ئەخلاقی نین. ئەزموونەکانی مێژوو پێمان دەڵێ کە داهاتووی ئەم ڕێژیمە چی دەبێ و، ژیرانەیە ئەگەر ڕێبەرانی ئەمڕۆی حکوومەتی عێراق داهاتووی پێوەندییەکانی خەڵکی دوو وڵاتی دراوسی وەبەرچاو بگرن و بیر لە وڵامێک بکەنەوە کە دەبێ بە مێژووی بدەنەوە.

لە لایەکی دیکەشەوە ئەوەی ئێستا دەست و پێوەندەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە نێو خاکی عێراقدا دەیکەن بێ ڕێزییەکی گەورەیە بە سەروەری و سەربەخۆیی حکوومەتی عێراق و کارێکە کە لە نێوخاکی ئێرانیشدا لەگەڵ دژبەرانی خۆی دەیکا. ئەم دەست ئاوەڵاییەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە بەڕێوەبردنی سیاسەت و بەرنامەکانی لە خاکی وڵاتێکی دیکەدا هەرگیز ناچێتە خانەی پێوەندیی دۆستانەوە، بەڵکوو وەبیرهێنەرەوەی دەسەلاتی ڕەهای وڵاتانی کۆلۆنیالیست لە نێو کۆلۆنییەکاندایە کە لە سەدەی بیست و یەکەمدا ئیعتیباری دەسەلاتی سیاسیی عێراق دێنێتە ژێر پرسیار.

**ئەوەی ئێستا دەست و پێوەندەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە نێو خاکی عێراقدا دەیکەن بێ ڕێزییەکی گەورەیە بە سەروەری و سەربەخۆیی حکوومەتی عێراق و کارێکە کە لە نێوخاکی ئێرانیشدا لەگەڵ دژبەرانی خۆی دەیکا.**

**ئەم کۆمەڵە ئینسانە بێ چەک و بێ دیفاعە کە لەم کەمپەدا دەژین بە پێی کۆنوانسیۆنی ٤ی ژێنێڤ و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان کەسانی پاریزراون و هێرش کردن و دەستدرێژیی لەم چەشنە کاریکی بە پێچەوانەی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان و یاساو ڕێساکانی مافی مرۆڤە و بە جینایەت لە کاتی شەڕدا دەژمێردرێ و مەحکوومە**

# باشووری سوودان :
# پاشخانی مێژوویی ریفراندۆمی سەربەخۆیی

ئەلف. عبدالله

رۆژی ٩ ی ژانویەی ٢٠١١، پرۆسەی دەنگدان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی سیاسیی باشووری سوودان، لەژێر چاودێریی کۆمەڵگەی نێونەتەوەییدا و بە بەشداریی نزیک بە چوار ملیۆن کەس لە خەڵکی ئەو هەرێمە ( بە هاوولاتیانی باشووریی نیشتەجێی باکووری ئەو وڵاتە و وڵاتانی دراوسێشەوە) دەستی پێ کرد. بە هەموو نیشانەکان ڕا دەردەکەوی کە خەڵکی باشووری سوودان بە ڕێژەیەکی زۆر بەرچاو لەو ریفراندۆمەدا بەشدارییان کردوە، و لەوەش گرینگتر ئەوە کە ئاکامی دەنگدان کە چەند حەوتووی دیکە ئاشکرا دەبێ، لایەنگریی زۆربەی نزیک بە سەرجەم خەڵکی باشوور لە جیابوونەوەی هەرێمەکەیان دەردەخا.

سوودانی ئێستا بە رووبەر گەورەترین وڵاتی ئەفریقایە کە پێکهاتەیەکی ئێتنیکیی ئالۆز و رابردوویەکی دوور و درێژی لە گۆڕانی قەواوە و دەسەڵاتی سیاسی و گرژیی دەرەکی و نێوخۆییدا هەیە. خەڵکی باکووری سوودان کە زۆرینەی سوودانی ئێستا پێک دێنن و دەسەڵاتیش هەمیشە زۆرتر هەڵقوڵاو لەوان بووە موسڵمانی عەرەبن. هەرچی خەڵکی باشووریشە لە کۆمەڵێک قەومی ئەفریقاییە بە ئایین مەسیحی و ئانیمیست (باوەڕمەند بە ئەرواح) پێکهاتووە.

مێژووی نوێی سوودان ئەو کاتە دەست پێ دەکا کە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا، محەممەد عەلی پاش سەربەخۆ کردنی میسر لە دەسەڵاتی عوسمانی بە مەبەستی فراوانکردنەوەی جەواری دەسەڵاتی خۆی، سوودان داگیر دەکا. ئەگەرچی لە کۆتاییی سەدەی نۆزدەدا سەردارێکی سودانی بەناوی مەهدی بۆ ماوەیەک وڵاتەکەی ئازاد دەکا، بەڵام دەسەڵاتی میسر و دوایەش ئینگلیس بەسەر سوودانْدا تا ساڵی ١٩٥٦ کە سوودان بە سەربەخۆیی دەگات درێژە دەکێشێ.

قۆناغی یەکەمی شەڕی نێوخۆییی سوودان لە بەرەبەیانی سەربەخۆییدا هەڵدەگیرسێ. هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە سەر ئەوە کە حکوومەتی خەرتووم لە بەڵێنی فیدرالیزاسیۆنی سوودان و دانی ستاتووی فیدرال بە هەرێمی باشوور پاشگەز دەبێتەوە. ئەو شەڕە تا ساڵی ١٩٧٢ واتە ئەو کاتە کە ڕێککەتنی ئادیس ئابێبا بۆ دانی خودموختاری بە باشووری سوودان ئیمزا دەکرێ، درێژە دەکێشێ. بەڵام ئەو ڕێککەوتنەش نابێتە هۆی سەقامگیری و پێکەوە ژیانی ئاسوودەی خەڵکی وڵات. ئەوەش لەبەر دوو هۆکاری سەرەکی :

یەکەم ئەوە کە لە مەودای نێوان سەروبەندی ئەو ڕێککەوتنە تا ئاخر و ئۆخرەکانی سەدەی بیست، چەندین کودێتا لە دەسەڵاتی ناوەندیدا روو دەدەن کە گرینگترینیان هاتنە سەرکاری ژەنرال نمێری لە ساڵی ١٩٦٩ و عومەر حەسەن ئەلبەشیر لە ساڵی ١٩٨٩ دایە. تەنانەت بێ پسانەوەی نێوان حکومەتە مەدەنی و کودێتا سەربازییەکان لە سوودان و لە ئاکامدا لەرزۆک بوونی بنەماکانی دێموکراسی لەو وڵاتەدا بۆخۆی دەبێتە هۆی ئەوە کە بەستێنێکی هانابەخش بۆ سازان لەسەر مەوجوودییەتی سیاسیی کەمینەی باشووریش دروست نەبێ.

هۆکاری دووهەم و سەرەکیی درێژەکێشانی شەڕی نێوخۆیی سوودان ئەوەیە کە دەسەڵاتی ناوەندی بەتایبەتی لە سەردەمی ژەنەرال نمێری و عومەر بەشیردا هەمیشە بۆ ئەوە تێکۆشاون کە هۆوبیەتی عەرەبی و ئیسلامیی سوودان بەسەر هەموو خەڵکی وڵاتدا بە باشووریشەوە فەرز بکەن کە بەرچاوترین دەرهاویشتەی ئەو مەرامە فراوانکردنەوەی بواری جێبەجێ کردنی شەریعەتی ئیسلامی بووە. لەلایەکی دیکەوە باشووری سوودان لەگەڵ ئەوەدا کە لەڕووی ژێرخانی سروشتی بەتایبەتی نەوتەوە دەڤەریکی دەوڵەمەندە، بەڵام هەمیشە لە هەژاری و دواکەوتوویی یەکی سەخت دا ڕاگیراوە.

قۆناغی دووهەمی شەڕی نێوخۆییی سوودان لە نێوەڕاستی هەشتاکانی زایینی یەوە دەست پێ دەکا و لەسەریەک زیاتر لە دوو ملیۆن کەس دەبنە قوربانی. جگە لە گۆڕانی هاوکێشەی هێز و گەشەسەندنی پارامێترە دەرەکییەکان، سەرهەڵدانی شەڕی دارفوریش لە ساڵی ٢٠٠٣ لە ڕۆژئاوای سوودان لەنێوان قەومە عەرەب و ئەفریقییەکاندا کاریگەریی خۆی لەسەر یەکلابوونەوەی پرسی باشووری سوودان دەبێ. چونکە لە قەیرانی دارفووردا دەسەڵاتی ناوەندی لە بەرەیەکی دیکەشەوە دەکەوێتە ژێر تەوژمی نێوخۆیی و دەرەکی: پاش ئەوەی ئەلبەشیر بە هۆی ئەوە کە دەستی بەکرێگیراوەکانی ژێر فەرمانی کۆنە ئەفسەرێکی خۆی بەناوی جەنجەوید بۆ ئەنجامدانی ژێنۆساید لەو دەڤەرە ئاوەڵا دەکا و تەنانەت یارمەتیشی دەدا، کۆمەڵگای جیهانی بەتایبەتی لە ڕێگەی دەرکردنی حوکمی دەستگیری بە تاوانی کردەوەی دژی مرۆڤایەتی لەلایەن دیوانی جینایی نێونەتەوەییەوە گەمارۆی سەر خەرتووم چڕتر دەکاتەوە.

لەو چوارچێوەیەدایە کە ساڵی ٢٠٠٥ ڕێککەوتنی ئاشتی سەبارەت بە کێشەی باشوور لە نایرۆبی لەنێوان جۆن گەرەنگ سەرۆکی ئەوکاتی بزوتنەوەی رزگاریدەری باشووری سوودان و حکومەتی خەرتووم دا ئیمزا دەکرێ. ئەو ڕێککەوتنە وێرای قوولکردنەوەی بنەماکانی خۆبەڕێوەبردنی باشوور، بەڕێوەچوونی ریفراندومی دیاریکردنی چارەنووس بۆ ساڵی ٢٠١١ دادەنێ و لە حالەتی سەربەخۆییشدا قۆناغێکی شەش مانگە بۆ جێبەجێکردنی کاروباری ئینتقالی بەتایبەتی لەبواری مەسەلەی نەوت و قەرزی دەرەکی و ئەمنییەتی سنووری و بەخشینی ڕەگەزنامەدا دیاری دەکا.

لەگەڵ ئەوەدا کە تا ئێستاش گرژییەکان بەتایبەت لە سنووری نێوان هەرێمی باشوور و باکووری وڵاتدا بە تەواوی کۆتاییان پێ نەهاتووە و دەسەڵاتی خەرتوومیش لە مانگ و ساڵەکانی ڕابردوودا زۆری بەدژی دوورەدیمەنی سەربەخۆییی باشوور خوێند، بەڵام ئەمڕۆ هەموو لایەنەکانی نێوخۆیی و دەرەوە بەو قەناعەتە گەیشتوون کە جیابوونەوەی باشوور ئیدی ئەمریکی واقیعە و ئەو هەرێمە لەسەر بنەمای ڕەزایەتی هەمەلایەنە بە سەربەخۆیی دەگا. تەنانەت ئەلبەشیر لە دوایین سەفەریدا بۆ جوبای پێتەختی باشوور ڕایگەیاند کە ئەگەر خەڵکی باشوور دەنگ بە سەربەخۆیی بدەن، بۆخۆی یەکەم کەس دەبێ کە سەربەخۆییی ئەو ناوچەیە بە ڕەسمی دەناسێ!

بەسەربەخۆیی گەیشتنی باشووری سوودان جیا لەوە کە نموونەیەکی دیکەی ئاقاری سروشتیی کێشەی پێکەوەژیان لەو وڵاتانەدا دەداتە دەست کە دێموکراسییان تێدا نییە و خەڵکەکەیان لەڕووی قەومییەوە بە قوولی دابەش بوون، یارمەتی بەوەش دەکا کە تابووی جیابوونەوە لە جیهاندا و لە مافی نێونەتەوەییدا هەرچی زیاتر بشکێ. ئەگەر لەگەڵ کۆتایی هاتنی ڕەوتی ڕزگاری لە ئیستعمار و نیشتەوەی تەپ و تۆزی قەیرانەکانی یووگۆسلاوی و ئۆروپای ڕۆژهەڵات هێندێک کەس پێیان وابوو کە ئەمجار بە تەواوی گەیشتووینەتە کۆتاییی مێژووی لەدایکبوونی دەوڵەتە تازەکان، سەربەخۆییی باشووری سوودان – لە درێژەی ڕەوتی بە سەربەخۆیی گەیشتنی کۆمەڵێک ناوچەی تری وەک تیمۆری ڕۆژهەڵات و کۆسۆڤۆ– نیشانی دەدا کە بەهاری گەلان هەردەم دەتوانێ دووپات بێتەوە.

ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر گەلی کوردیش، بەتایبەتی لە باشووری کوردستان، سەربەخۆییی باشوور لەو ڕووەوە زۆر جێگای سەرنجە کە لە دوای دابەشبوونی کوردستانەوە ئەمە یەکەم جارە خەڵکی ناوچەیەک لەسەر بنەمای زمان و قەومییەتی جیاوازیانەوە لە دەوڵەتێکی عەرەبی و ئیسلامی جیا دەبنەوە.

**سەربەخۆییی باشووری سوودان بۆ جارێکی دیکە دەیسەلمێنێ کە بەهاری گەلان هەردەم دەتوانێ دووپات بێتەوە.**

# تونس و «شۆڕشی نان و کەرامەت»

مێهرداد فەرەهمەند*

وەرگێران: حەسەن شێخانی

خۆپیشاندانەکانی تونس بە ئیعتراز بە دۆخی گوزەرانی ژیان و بێکاری بەرباڵو دەستی پێکرد. پرێشکەی شۆڕشی تونس، بلێسەی ئاگرێک لێی دا کە لاویکی بێکاری تونسی خۆی تێدا سوتاند، لاوێک کە سەرەڕای هەبوونی مەدرەکی زانستگە، کاریکی نەدۆزیبۆوە و لەسەر داشقە سەوزی و میوەی دەفرۆشت، بەڵام پۆلیس ڕێگەی لەوەگرت کە بەم کارەشەوە مژوول بێ.

ئەم لاوە، لە بەر خەمی نان، لە وڵاتێک دا کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا کە زیاتر لە ٨٠ لە سەدی بەرهەمە پیشەسازییەکانی بۆ دەرەوە هەناردە دەکرێ و لە ڕووی توانستی دەرخستنی کالا و خزمەتگوزاریی شیاوی پێشبڕکی لە بازارەکانی جیهاندا، پلەی سی و دووەمی هەبوو، واتە سەرووتر لە وڵاتانێکی ئۆرووپایی وەکوو ئیسپانیا و ئیتالیا.

تونس لە دوای تورکیە، دووەمین وڵاتە کە لەگەڵ یەکیەتیی ئۆرووپا ڕێککەوتننامەی تیجارەتی ئازادی واژۆ کردووە و بە تێپەڕکردنی دەورەی تاقیکاری ئەم ڕێککەوتننامەیە، هەنووکە لە عافووگەلێکی بەربڵاوی گومرکی لە تیجارەت لەگەڵ ئۆرووپا دا بەهرەمەندە.

زینەلعابدین بن علی کە هەنووکە لە وڵاتەکەی هەلاتووە، لە ماوەی ٢٣ ساڵ سەرکۆماری دا کۆمەلێک بەرنامەی ئابووری بۆ پەرەسەندنی تونس پراکتیزە کرد کە بنیاتە ماڵییە نێونەتەوەییەکان وەک نموونەیەکی سەرکەوتوو و مۆدێلێک بۆ وڵاتانی دیکەی لە حاڵی پەرەسەندن دا چاوی لێ دەکەن.

**تونس بوو بە نموونەیەک بۆ سەڵماندنی ئەم تیوریە کە پەرەسەندنی ئابووری و سیاسی لە یەکتر جیاناکرێتەوە و گەشەی ئابووری بێ پەرەسەندنی سیاسی شکست دەهێنێ**

لە سەردەمی ئەم سەرکۆمارەدا تونس بوو بە یەکێک لە سەیرانگاکانی دلخوازی توریستە بیانییەکان، کە ئەم وڵاتەیان وەک نموونەیەک لە هێمنی، ئاسایش و گەشەی ئابووری دەدی.

وەریکەوتنی «شۆڕشی نان» لە وڵاتێک بەم تایبەتمەندییانەوە، ڕوانگەی ئیبنی خەلدون زانای تونسی وەبیر دێنێتەوە کە زیاتر لە ٦٠٠ ساڵ لەمەوبەر نووسیبووی: کۆمەڵگەیەک کە خەڵکەکەی زۆر خۆش بژێوو تێر بن، حکوومەتەکەی دەرووخێندرێ.

بەڵام ئایا شۆڕشی تونسییەکان بە هۆی خۆش بژێوی لە ڕادەبەدەر و زگ تێری بوو؟

حکوومەتی زینەلعابدین بن علی بۆ پەرەسەندنی ئابووری، وەکوو زۆربەی وڵاتانی خۆزیاری پەرەسەندن، پێڕەوی لە شێوە و مۆدێلی پێشنیارکراوی سندووقی دراوی نێودەوڵەتی کرد، بوو بە ئەندامی ڕێکخراوی تیجارەتی جیهانی، سوبسید و سیاسەتە پشتگیرییەکانی ڕاوەستاند، دەستی سەرمایە گوزارە بیانییەکانی بە تەواوی ئاوەڵا هێشتوو و بە دەستێکی ئاوەڵاوە ئیجازەی پێدان تا زەویە پڕ پێت و بەرەکەتەکانی کشتوکاڵ کە لە سەرچاوەکانی سەرەکی داهاتی وڵات بوون، بکڕن و ببنە خاوەنیان.

ئەم سیاسەتانە سەرمایەی هێنایە وڵات و زۆر کەس دەوڵەمەند بوون، فەرهەنگی هۆگری بۆ بەکار بردنی کەل و پەلە ئابوورییەکانی (کە بۆتە پێویستی تیجارەتی ئازاد جیهانی) لەگەڵ خۆی هێنا، ڕواڵەتی تونس جوان و ڕازاوە بوو، لێوارەکانی مەدیترانەی بۆ توریستە بیانیەکان دڵڕفین بوو و فەزای کراوەی کۆمەڵایەتیی بە جێماو لە سەردەمی کۆلۆنیالیزمی فەرانسەش بۆ ڕاکێشانی توریستەکان یارمەتیدەر بوو، زانکۆ و بنیاتەکانی پەروەردەی بەرزی جۆراوجۆریش لە هەموو جێیەک دروست کران و ئاماری خوێندکارو خوێندەواران چۆوە سەری.

لە لایەکی دیکە وردە کاسب، بەرهەمهێنەرە بچووکەکان، وەرزێرە سوننەتییەکان و لادێیەکانی ناوچەکانی بیابانی کەمتر بە پێت و بەرەکەتی باشوور، لەم شێوە پەرەسەندنە زیانیان پێگەیشت و وێڕای ئەو کریکارانەی داهاتەکەیان پێ بە پێی گرانیی نرخی شتومەکەکان کە دەرەنجامی هاتنی سەرمایە و دەوڵەمەندی بۆ وڵات بوو، زیادی نەکرد، بۆ چینی خوارەوە پاڵ پێوەنران. بەم حاڵە لە ڕووی ئامارەوە تەنیا کەمتر لە ٤ لە سەدی خەڵکی تونس بۆ ژێر هێڵی هەژاری پاڵ پێوەنران و هەڵسەنگاندنی ڕێکخراوی نەتەوە

ل ٨

# ئێران، وڵاتی مەرگ و سێدارە

عەلی بداغی

٢٠ ڕۆژ زیاتر لە سەرەتای ساڵی ٢٠١١ی زایینی تێنەپەڕیوە، بەلام دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی لەو ٢٠ ڕۆژەدا ٥٨ کەسی لە سێدارە داوە، حوکمی ئیعدامی بە سەر زیاتر لە ٤٧ کەسی دیکەش دا سەپاندووەو لەو دواییانەش دا ڕایگەیاندوە کە هەموو ئەو کەسانەی دەست بۆ ئەو تاوانانە دەبەن کە لە نیزامی دادی کۆماری ئیسلامی دا سزای مەرگیان بۆ لەبەرچاو گیراوە، پەروەندەکانیان زووتر لە کاتی پێویست و ڕەوالی ئاسایی خۆی بەدواداچوونی بۆ دەکرێ و دەدرێنە بەشی جێبەجێ کردنی حوکمەکان. ئەو ڕاگەیاندنە یان باشتر وایە بڵێین ئۆلتیماتومە هەر زۆر زوو لە پەروەندەی دوو گیراوی سیاسیی کورد دا تاقی کرایەوە. بە جۆرێک کە ڕۆژی سێشەممە، ٧ ی بەفرانبار لقی ١٥ ی دادگای شۆڕشی شاری تاران تاوانی دژایەتیکردنی خودا و فەساد کردن لە سەر عەرزی بە سەر زانیار مرادی و لوقمان مرادی، دوو کوردی خەڵکی شاری مەریواندا ساغ کردەوە و مەحکوم بە ئیعدام لە بەرچاوی خەڵک و لە شوێنێکی گشتی کردن.

خاڵی گرینگ و جێی سەرنج لێرەدایە کە یەکەم دادگایی کردنی ئەو دوو کەسە ڕۆژی یەکی بەفرانبار بەڕێوە چووە و ڕوون نییە کە دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی چۆن لە ماوەی تەنیا حەوتوویەک دا پەروەندەی تاوانێکی سیاسیی تاوتێ کردوە و لێکۆڵینەوەکانی گەیاندوەتە کۆتایی و سزای لە سێدارەدانی بۆ تۆمەتباران بڕیوەتەوە، ڕەوتێک کە لە نیزامی دادرەسیی ئەو دەگەمەن وڵاتانەش کە هێشتا حوکمی ئیعدامیان تێدا بەڕێوە دەچێ، ٦، ٨ تا ١٠ ساڵ دەخایەنێ.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ساڵی ٢٠١٠ ی زایینیش دا و بە پێی ڕاپۆرتی شوورای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان لانیکەم ١٧٩ کەسی لە سێدارە داوە. ئەوە لە حاڵێک دایە کە ڕێکخراوەکانی جیهانیی مافی مرۆڤ پێیان وایە کە ئاماری ڕاستەقینەی ئیعدامکراوان لە ساڵی ڕابردوودا لە ئێران زۆر لەو ئامارە ڕەسمییەش زیاترە.

لەو وتارەدا هەوڵ دەدەم لە پێوەندی لەگەڵ بەڕێوەچوونی سزای ئیعدام لە ئێران و کاردانەوە گشتییەکان لە حەوزە جیاوازەکانی کۆمەڵگە بەواقعیەتی بوون و بەڕێوەچوونی حوکمی ئیعدام، وەلامی چەند پرسیاران بدەمەوە. ئەوەی کە بۆچی کۆماری ئیسلامی ئەوەندەی دڵ بە سزای ئیعدام بەستوە، بۆچی کاردانەوە بە ئیعدام و مانەوەی ئەو حوکمانە ئەوەندە لە لایەن تویژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەی ئێرانەوە لاواز و بە کەم وەرگیراوە، سروشتی ئەو ئیعدامانە لە کوردستان چەندە جیاوازە لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی ئێران و هەوڵەکان لە پێناو نەهێشتنی حوکمی ئیعدام لە ئێران لە چ قوناغێک دایەو دواجار ئەوەی کە ئەرکەکان لەو پێناوەدا زۆرتر لە سەر شانی کێن؟

ئەوەندەی بۆ کۆماری ئیسلامی دەگەڕێتەوە ئەوەیە کە ئەو ڕێژیمە ڕێژیمێکی زۆردار و سەرەڕۆیە کە بە شۆڕش و شێوەیەکی توندوتیژ هاتۆتە سەر کار، هەر بە ڕەچاوکردن و بڕەوپێدان بە میتۆدەکانی توندوتیژی بناخەی دەسەلاتەکەی قایم کردوە و تا ئێستا درێژەی بە تەمەنی خۆی داوە.

کۆماری ئیسلامی لە دەیەی ٦٠ ی هەتاوی دا سڵی لە ئیعدامکردن و کوشتنی دەیان هەزار کەس لە نەیارانی سیاسیی خۆی لە زیندانەکاندا نەکرد و دوایەش ئیعدام و لە سێدارەدانی وەک چەکێک بۆ سەرکوتی جوولانەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی نیوخۆی ئێران و وەک لاهیزێک و ئامرازێکی سیاسی بۆ سەرکوت و زاڵ کردنی کەشی ترس و توقاندن لە ئێراندا گرتە بەر.

بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئامانج لەبەڕێوەبردنی حوکمی ئیعدام بۆ بنەبڕکردنی تاوان لە کۆمەڵگەو گەڕاندنەوەی بایەخ وبەها کۆمەڵایەتی و ئایینیە بزربوو و کاڵبووەکان دەگەڕێنەوە، بەلام لەگەڵ ئەوەی ئەو وڵاتە لە ڕووی جێبەجێ کردنی حوکمی ئیعدامەوە بە پێی حەشیمەتەکەی پلەی یەکەمی لە دنیادا هەیە، بەلام ئەو شاڵاوە لە ئیعدامکردنانە نەک نەیتوانیوە ڕیژەی تاوان و جینایەت لەو کۆمەڵگەیەدا کەم بکاتەوە، بەڵکوو بە پێی ئیعترافی کاربەدەستانی پایەبەرزی ڕێژیم و بە پێی ئامار و زانیارییەکان، ڕیژەی تاوان و تاوانکاری لە ماوەی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی دا بە تایبەت لە دوو دەیەی ڕابردوودا چەند قات لە چاو پێشوو زیادی کردوە.

سروشتی ئیعدامەکان لە کوردستان لە چاو ناوچەکانی دیکەی ئێران جیاوازە. ئیعدامی سیاسی لە کوردستان لە سەر بنەمای « هەوڵی تاوانباران بۆ دژایەتیی کۆماری ئیسلامی» و، « بە دژەخودا ناسینی چالاکانی سیاسی» و بەوجۆرە بە موستەحەق زانینی ئەو کەسانە بە مەرگ و سێدارە ڕەوتێکی نەپساوەیە و بەردەوام لاهیزی دەستی کۆماری ئیسلامی بۆ سەرکوتی نەیارانی سیاسی بووە و لەو سۆنگەیەوە کۆمەڵگەی

کوردستان و هێزە سیاسییەکانی کوردستان تێچوویەکی زۆریان داوە.

لە کوردستان و لە نیزامی دادی کۆماری ئیسلامی لەو بەشەی ئێراندا دادستان و قازی هەردووکیان یەکن. واتە قازی کە دەبێ لە پەروەندەی تۆمەتبارەکە بکۆڵیتەوە هەر ئەو کەسەیە کە بۆ خۆی «کیفر خواست»ەکەی لە دژی تۆمەتبارەکە ڕیز کردوە و ئەوەی کە قازی بە چالاکیێکی سیاسیی کورد دەڵێ « هەدا نادەم تا پەتی سێدارە بە ملتەوە نەکەم»، گالتەیەکی تاڵ بە هەموو نیزامێکی دادئەستێن لە دنیایە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران هەروەها لە ژێر ناوی بەربەرەکانی دژی مادە هۆشبەرەکان و لە ژێر ئەو دەمامکەدا دەیان چالاکی سیاسی و ئازادیخوازی کورد و بە تایبەت بەلووچی لە سێدارە داوە.

بەلام جیاواز لە ئیعدامە سیاسییەکان و جیاواز لەوەی کە کۆماری ئیسلامی ئیعدام و لە سێدارەدانی وەک ئامرازێک بۆ لە نێو بردنی فیزیکیی نەیارانی سیاسی بەکارهێناوە، چوونە سەری ڕیژەی ئیعدامی تاوانباران بە ئەنجامدانی تاوانە کۆمەڵایەتییەکان تا ئێستا کاردانەوەی ئەوتۆی لە لایەن خەڵکەوە لێ نەکەوتۆتەوە. بە زمانێکی دیکە تەنانەت بەشیکی زۆر لە خەڵکی نەک هیچ پەرچەکردارێکیان لە دژی ئەو توندوتیژییانەی دەسەڵات نەبووە، بەڵکوو بۆ خۆشیان بە چوونە سەری بەڕیوەچوونی ئەو ئیعدامانە جۆرێک ڕەوایێشیان بەو ڕەفتارانەی کۆماری ئیسلامی داوە و بە پێی ئەو واقعە هەوڵەکان بۆ نەهێشتنی سزای ئیعدام لە ئێران بە هۆی کەشی توندوتیژو هەبوونی ڕوحی تۆڵە سەندنەوە لە لایەن بنەماڵەو خوێنگرانەوە لە سەرەتای ڕێ دابێ.

ئەوە بەو مانایەیە کە ئەگەرچی لە ئێران دا زۆربەی ئیعدامەکان سیاسین و بنەمای حوقووقییان نییە، ئەگەرچی نیزامی دادی کۆماری ئیسلامی پڕ لە هەڵاواردن و نادادەپەروەری و ناسەربەخۆیە، ئەگەرچی قەیرانە کۆمەڵایەتی و سیاسییە چارەسەرنەکراوەکان پاڵنەری زۆربەی ئەو ڕەفتارانەن کە لە ئێران دا حوکمی ئیعدامیان لی دەکەوێتەوە، بەلام کۆمەڵگەی ئێرانیش وەک خۆی لایەنگری حوکمی ئیعدامە و ئەوەش ئەو دەرفەتە و ئەو بیانوویەی داوەتە دەستی دەسەڵات تا ئیعدام وەک چەکێک بە قازانجی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی نیزامەکەی بەکار بێنێ.

هەوڵدان بۆ نەمانی سزای ئیعدام لە هەر کۆمەڵگەیەک دا پێویستیی بە گۆڕینی قانونی سزادانەکانی ئەو کۆمەڵگەیە هەیە و ئەوەش بە بێ هەبوونی بزووتنەوەیەکی بەهێزی دژی ئیعدام لەو کۆمەڵگەیە و ویست و پێداگریی خەڵک مەیسەر نابێ. ئەو بزووتنەوەیە لە ئێران کەم خوێنە و دەبێ بە پێدانی زانیاری بە خەڵک و پەروەردە کردنی خەڵک بە گیانی دوور لە توند و تیژی، خەبات دژی نەهێشتنی ئەو سزایە لە نێو هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەدا ڕێک بخرێ.

کۆماری ئیسلامیی ئێران پێی وایە کە سزای ئیعدام پێوەندی بە مافی مرۆڤ وەک پڕەنسیپێکی گشتیی جیهانییەوە نییەو بەستە بە قانوونی بەشی قەزایی وڵاتەکەی خۆیەوەتی، دەبێ کۆمەڵگەی جیهانیی لە ڕێگەی فشاری کۆر و کۆمەڵەکانی مافی مرۆڤ و ڕێکخراوەکانەوە بەرهەڵستی ئەو تێگەیشتنە و ئەو بڕیارە بێتەوە و ئەو گوتارە زاڵ بکرێ و ببێ بە بڕیار کە سزای مەرگ گرینگترین بەشی پێشیلکاریی ڕووتی مافی مرۆڤەو کۆمەڵگەی نیونەتەوەیی دەبێ بەرهەڵستی ئەو وڵاتانە بێتەوە کە ئەو حوکمە لە سەر خەڵکی وڵاتەکەیان جێبەجێ دەکەن.

## دریژەی:

# تونس و «شۆڕشی نان و کەرامەت»

یەکگرتووەکانیش پێوەری دابەشکردنی سامان لەم وڵاتەدا کەمتر لە دەیا چوار واتە باشتر لە وڵاتانی وەکوو ئەمریکا، ڕوسیە، چین و تورکیە، نیشان دەدا.

بەلام ڕادەی بێکاری و زۆریی دەرچوانی زانکۆ کە بازاری کار وەلامدەری نیازەکانیان بۆ دابین کردنی کار نەبوو، بە دۆخێکی نیگەران خولقین گەیشت تا ئەو جێگەیەی کە بە پێی ئاماری فەرمی، ڕیژەی بێکاری لە تونس زیاتر لە ١٤ لە سەد بەراورد کراوە و ئەم هەژمارە زۆرەی بێکاران لە پێک هێنەرانی سەرەکی بزووتنەوەی سەرشەقامی تونس بوون.

**ئابووری بێ سیاسەت**

بەم حاڵە پێناچێ دەرەنجامی سیاسەتەکانی پەرەسەندنی ئابووری و بێکاری و نارەزایەتیی بەشێکی کۆمەڵگە لە دوخنی گوزەڕانی ژیانیان، تەنیا هاندەری وەرێکەوتنی «شۆڕشی نان» بێ و زۆرێک لە ڕاگەیەنەکانیش سەردێڕی «شۆڕشی نان و کەرامەت»یان بۆ بزووتنەوەی ئیعترازی تونس بە گونجاوتر زانی و پێیان وایە دەبێ هۆکاری سەرەکی تووڕەیی خەڵک لە چوونە ژێر پرسیاری «کەرامەت»ی واندا بدۆزرێتەوە، «کەرامەت»ی خەڵکێک کە نە هەڵی بەشداربیان لە بریاردان دا پێ دەدراو نە دەرەتانی ڕەخنە گرتن لە دەسەلاتداران لە ڕاگەیەنەکاندا.

سەرکۆمار بە کودەتا هاتبووە سەرکار و هەڵبژێردراوی خەڵک نەبوو و یاسادانانیش لە دەست حیزبی دەسەلاتدار دا بوو، بێ ئەوەی کە هەل و مەرجێک بۆ پێشبڕکێی حیزبەکان دیکە لەگەڵ ئەم حیزبەدا دابین کرابێ.

کەلەکەبوونی دەسەلات و سامان و تاکە سواربوونی چینی دەسەلاتدار، گەندەڵیی ئیداری و هەڵاواردنی بەدوای خۆیدا هێنابوو و هەرچی تەمەنی چینی دەسەلاتدار زیاتر دەبوو، نارەزایەتیی لەوانیش بەربڵاوتر دەبوو.

بەر لەوەی کە ئەم جوانە زانکۆ دیتوو و سەوزی فرۆشە خۆی بسوتێنی، بڵاوبوونەوەی لە قاودانەکانی ویکی لیکس ببۆو هۆی وەبیرهێنانەوەی دەنگۆ و زانیارییەکانی خەڵک لەمەڕ ژیانی زینەلعابدین بن عەلی و بنەماڵەکەی و گەندەڵی لە چینی دەسەلاتداردا و، کاسەی تووڕەیی نارازییەکانی بە سنووری پڕی گەیاندبوو.

سەرەنجام تونس بوو بە نموونەیەک بۆ سەلماندنی ئەم تیوریە کە پەرەسەندنی ئابووری و سیاسی لە یەکتر جیاناکرێتەوە و گەشەی ئابووری بێ پەرەسەندنی سیاسی شکست دەهێنێ. بەم شێوەیە بوو کە دوور لە چاوەڕوانی خەڵکی جیهان، ئاگرێک کە سالانێکی درێژ لە ژێر خۆڵەمێش دابوو بە چەشنێک گڕی گرت کە زینەلعابدین بن علی لە ماوەی چەند ڕۆژدا لە هەڵوێستی وەپاڵدانی خۆپیشاندانەکان بە بیانییەکان و بە تیرۆریست لە قەڵەم دانی خۆپیشاندەرانەوە بۆ هەلاتن لە وڵات ناچار کرد.

بەستێنەکانی پێکهاتن و شێوەی دەرکەوتنی «شۆڕشی نان»ی تونس لەگەڵ شۆڕشەکانی هاوچەرخ و ڕابردوو دا خاڵی هاوبەشی هەیە. بەلام بە پێچەوانەی ئەوان، ڕێبەری بەکگرتوو و ئاراستەی ئایدۆلۆژیکی نییە.

ڕێکخراوە سینفی و یەکیەتییەکان لە لایەک و حیزبی پێشرەوی دێموکراتیک وەک گرینگترین حیزبی دژبەری دەوڵەت لە لایەکی دیکە ویستیان ڕۆڵی ڕێنوینی کەری بزووتنەوە وەئەستۆ بگرن بەلام ڕەوتی لە کۆنترۆل بەدەری ئیعترازەکان و خۆپیشاندانەکان، ڕادەی کاریگەر بوونی ڕێکخستنەکانی ئەم بنیاتانەی بردە ژێر پرسیار و، ڕووداوگەلێکی وەک هێرش کردنە سەر فرۆشگاکان و تاڵان کردنی سامانی گشتی و ناهێمنی لێکەوتەوە کە بە نۆبەی خۆی دەتوانی بیبێتە فاکتەرێک بۆ زیان گەیاندن بە تەواوییەتی بزووتنەوە و بیانوویەک بۆ کودەتای نیزامی بە ناوی پاراستنی ئاسایشی گشتی و لە ئاکامدا سەرکوتی شۆڕش.

بەم حاڵەشەوە شۆڕشی تونس تا هەر جێگەیەک بەرەوپێش بڕوا، ڕووداوێکی گەورەیە لە مێژووی هاوچەرخی جیهانی عەرەب دا و تا ئێرەش ئیلهام بەخشێکی گرینگە بۆ خەڵکانی دیکەی کۆمەڵگەی عەرەبی کە ژیانێکی وەک خەڵکی تونسیان هەیە. زۆرێک لە ئێرانییەکانی لایەنگری «بزووتنەوەی سەوز» ڕوانگەیەکی حەسرەت ئامێزیان بە نیسبەت شۆڕشی تونس هەیە یان ئەم شۆڕشە لەگەڵ حەرەکەتی ئیعترازیی ساڵی ڕابردوو لە وڵاتی خۆیان بەراورد دەکەن و خوازیاری ئۆلگوو وەرگرتن لەم شۆڕشەن، دەستەواژەگەلێکی وەک «چۆن خەڵکی تونس توانیان بەلام خەڵکی ئێران نەیانتوانی» لە زۆرێک لە ماڵپەر و ویبلاگە فارسییەکاندا بەرچاو دەکەوێ.

دەربڕینی بۆچوونگەلێکی لەم چەشنە لە ئاستێکی بەربڵاوتر دا لە نێوان خەڵکی وڵاتانی عەرەبی کە هەل و مەرجێکی وەک تونسیان هەیە، دەبیسرێ، هێندێک لە خۆیان ڕەخنە دەگرن کە بۆچی وەک تونسیەکان هەڵناستنە سەر پێ و دەستەواژە گەلێکی وەک «تونس ئازادیی هەڵبژارد و میسر چیپسی بە تامی مێیگو» بە کار دێنن. هێندێکی دیکە لە تونس ئیلهام وەردەگرن و لۆرە لۆری ئیعتراز لە گۆشە و کەناری ئەوان بە دەنگێکی بەرزتر دەبیسرێ.

*هەواڵنێری BBC لە بەیروت

# دەبێ چی بکەین؟

حوسێن ئەحمەدپوور

**پێشەکی:**

**لە کوبوونەوەی دەستەی نووسەرانی رۆژنامەی «کوردستان» لە رۆژی ١٨ بەفرانباردا بەڵێنم دا کە بابەتێک بۆ لاپەڕەی ئازاد لە پێوەندی لەگەڵ باسەکانی کۆنگرەی ١٥ی حیزبی دیموکراتی کوردستان دا بنووسم. دواتر کە بیرم لێ کردەوە نووسینی وەها بابەتێک بۆ من زۆر سەخت بوو، چونکە کۆمەڵێک مەسەلە هەیە کە دەبێ باسیان لێ بکەم و کۆکردنەوەی ئەو مەسەلانە لە چوارچێوەی بابەتێک دا زۆر کارێکی سەختە ئەگەر رۆژنامەی کوردستان، رۆژنامەیەکی رۆژانە بایە و بمتوانیبایە گۆشەیەک لە رۆژنامەکە وەربگرم، کارەکەی من زۆر راحەت دەبوو و دەکرا لە ماوەی چەند ژمارەدا ئەوەی کە مەبەستم بوو بینووسم، رێک وپێکتر لە ئێستا دەمنووسی. ئێستاش مەبەستم لە نووسینی ئەم پێشەکییە ئەوەیە کە ئەم نووسینە وەک بابەتێکی رۆژنامەیی سەیر ئەکرێ بەڵکوو هەست بکەن دەقتەری یاداشتی رۆژانەی منتان دەست کەوتوە و چەند لاپەڕەیەکی دەخوێننەوە.**

### ١- بیرهێنانەوەیەکی کورت

لەم ماوەیە دا و لە بەرەبەری کۆنگرەی ١٥ی حیزب دا نەک تەنیا ماف، بەڵکوو ئەرکی هەر ئەندامێکی حیزبە کە بەوردی هەڵسەنگاندنی بارودۆخی حیزب لە ماوەی ٣ ساڵی رابـردوودا بکا. بیر لەوە بکەنەوە رێبەری و ئوزگـان و رێکخستنەکانی حیـزب لـە مـاوەی رابـردوودا تا چەندە توانیویانە لە ئاستی بەرپرسیارەتییەکانیاندا بن و تا چەندە توانیویانە کە بڕیار و راسـپاردە و پەسندکراوەکانی کۆنگرەی ١٤ جێبەجێ بکەن؟ کەم وکووڕی و خاڵە لاوازو بە هێزەکانی حیزب لـەو ماوەیەدا چی بوون؟ لە مەبەدوا و دوای کۆنگـرەی ١٥ حیـزب دەبـێ بە چ ئاقارێکدا بـڕوا و لـە سەر چ بابەتگەلێک کاربکاو چۆن کاربکا؟ بە کورتی دەبێ هەموو بیروزەینی خۆمان بۆ دیتنەوەی رێگە چارەکان تەرخان بکەین و ئەوەیکە دەبـێ چی بکەین؟ هەوڵەکانی ئەم ماوەیە بەشێک لە رێـڕەوی کار کردنی ٣ساڵی داهاتووی حیزب دیاری دەکا.

### ٢- گەورەترین لاوازی

هەموو حیزبەکانی رۆژهەلاتی کوردستان و یەک لەوان حیزبی دیموکراتی کوردستان لەم قۆناخە لە چالاکیی خۆیان دا لاوازییەکی زۆر گەورەیان هەیە کە ئەگەر نەڵێین سـەرچـاوەی هەموو لاوازی و کەم وکووڕییەکانی دیکەیە، بەدڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین لەگەڵ لاوازی لە رێبەری دا، یەکێک لە دوو لاوازی و کەم و کووڕیی سەرەکیی حیزبەکانە، ئەویش بریتی یە لـە نەبوونی هێزی ئێنسانی (کادر)ی شارەزا لـە بـوارە جـۆراوجـۆرەکـان دا. بە داخـەوە حیزبی دیموکراتی کوردسـتان لـە مـاوەی ٣ساڵی رابـردوودا لـە سـەر ئـەم بابەتە کاری نەکرد. زۆر دڵنیا نیم بەلام بیستوومە کە کاتی خۆی شەهید دوکتـور قاسملوو گوتوویەتی کە حیزبی دیمـوکرات تەنیا لە حالەتێک دا دەتـوانـی رەوتـی بـەرەو پێشـچوونی خـۆی بە شێوەیەکی ئاسایی بپێوی کە تا کۆنگرەی ١٢توانیبیتی خوێنیکی تازە (هێزیکی ئێنسانیی تازە جیا لەوەیکە تا ئەوکاتە هەیبووە) لە نێو دەمارەکانی حیزب دا (رێبەری و بەدەنە) وەگەڕبخا. ئەم قسەیە قسەی دوکتور قاسملوو بی یا نا گرینگ نیە، بەڵکوو گرینگ ئەوەیە کە قسەیەکی زۆر بەنرخە. هەموو حیزبیکی سیاسی بۆ ئەوەیکە بـەردەوام خـۆی لەگەڵ گۆڕانە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکاندا نوێ بکاتـەوە، پێویستییەکی حاشا هـەڵنـەگرو ژیانـەکیی بە نوێ کردنـەوەی جەستەی خـۆی، بە خوێنی نوێ و هێزی ئێنسانی نوێ هەیە، ئەوەش بەتایبەت بۆ حیزبێک کە لە تاراوگە بی و لە قۆناخی رزگاریی نەتەوەییدا بی.

نـوێ کـردنـەوەی حیزب لـە رووی هـێزی ئێنسانی یان جەزبی هێزی ئێنسانیی نوێ بۆ چی گرینگە و بۆ چیم وایە ئەمە دەبی وەک ئەو لەوییەتی کاری تەنانەت لە کۆنگرەدا بڕیاری لە سەر دەبڕکرێ؟

**چونکە:**

**ئەلف)** زۆرجار ئەو قسەیەمان لـە خـەڵک لـە دەرەوەی حیزب و تەنەنات لـە کۆبوونەوەکانی حیزبییش دا گوێ لێ بووە کە «حیزبی دیموکراتی کوردستان و سکرتێرەکەی شارەزان لە قسەی جـوان کـردن دا و لـە بڕیاری جوان دەرکردندا، بەلام کاریان لێ نابینین» بەحەقیش ئەم قسەیە تا رادەیـەکی زۆر راستە. بۆیە دەڵێم تا رادەیەک راستە، چونکە زۆرجار لە قسەی جوانکردنیش دا لاوازیـــن، بـۆ ئـەوەی زۆر لـە بابەتـەکە دوورنەکەینەوە تەنیا لە نێو گیومەدا دەڵێم: « لـە ڕووی گـوتـارەوە بـە هۆی لاوازی لە بەرهەمهێنانی فکرو ئیدەی نوێ_ئەوەندە لاوازین کە سەختە بتوانین لەگەڵ گوتاری زاڵ لـە تـاران لـەگەڵ نەتەوەی بالا دەست بکەوینە دیالۆگەوە و کورتی نەهێنین. ئەوەی تا ئێستا وەک گوتار کردوومانە دیالۆگ نەبووە بەڵکوو مۆنۆلۆگ بووە، هەرکەسمان باشتر توانیبیتمان دردی دل بکەین، باشتر چەپڵەمان بۆ لێ دراوە».

بەلام خەڵک دەپرسن بۆ چی قسەجوان و بڕیارە جوانەکان ناکـەونـە قۆنـاخـی کـردەوەوە وشتیکی وایـان لـێ شین نابێ کە خەڵک ببینن و هەستی پێ بکـەن؟ وڵامـەکـەی زۆر ڕوونە. چونکە ئـەوەندەمـان شارەزایی و توانایی بـۆ جێبەجێی کردنی بڕیارەجوانەکان نیە. بۆ نموونە باس لەوە دەکرێ کە هەوڵ دەدەین خەباتی جەماوەری بە هێزبکەین، ئاخە ئەمە تەنیا بە قسەی سکرتێر و بەیاننامە نایەتە دێ. پێویستی بە کادرو هێزی ئێنسانیی ئەوتۆ هـەیە کە بتوانی کۆمەڵگەکەی لە هـەموو ڕوویـەکـەوە تەحلیل بکا ، بـەرنـامـەی بـۆ دا بڕێژی و ....پـاشـان بەپێی تەحلیلەکان و بـەپـێی بـەرنـامـەکـە بتوانی تـوێـژە جـۆراوجـۆرەکـانـی ئەم کۆمەڵگایە کە خاوەنی ڕووحیە و خـــەون و ئـیـدەی جیاوازن هان بداوبەشداری خەباتیان بکا کـادرو هێزی ئێنسانیی وەها لە نێو ریکخستنەکانی پێویستە کە بتوانی پوتانسیێل و زەرفییەتە جۆراوجۆرەکان لە نێو تویژ و ناوچە جۆراوجۆرەکاندا کەشف بکا، و بیناسێ و وەگەڕیان بخا. یان بۆ نموونە دەکوترێ لاوازیی دیپلۆماسیمان هـەیە و هەوڵ دەدەیـن لـەو ڕووەوە خۆمان بە هێز بکەین. خۆ دیارە یەکەم شـت پێشخستنی دیپلۆماسی پێویستیی بە دیپلۆماتکارە کە ئەوەندە شارەزا بێ و ئەوەندە هێزی ئێستدلالی بۆ پێناسەکردنی بـەرژەوەنـدی هـاوبـەش لەگەڵ تەرەفەکەی هەبێ کە تەرەفەکەی هـان بدا جارێکی دیکە لەگەڵی دابنیشی و.... . ئەگەردوکتور قاسملوو دیپلۆماتکارێکی بەهێز بـوو، بەهێزییەکەی لـە قۆناخی یەکەم دا لـەو توانایەی دابوو کە بە ئێستدلال و بـە شێوەی زانستی بـەرژەوەندی هاوبەشی بۆ تەرەفەکەی پێناسە بکا، بۆیە تـەرەفـەکـەی پێی خـۆش بوو جارێکی دیکە لەگەڵی دابنیشێتەوە و وەک دۆست سەیری بکاو ...

**ب) هـێـزی ئـیـنـسـانـی وەک ڕاوێژکار.**

هێزیکی سیاسی تەنیا کاتێک دەتوانی بیپێتە هێزیکی کاریگەر و لە نێو هاوکێشە سیاسییەکاندا ڕۆڵ ببینی کە لە سـەر هەموو بوارەکانی پێوەندیدار بە ژیانی کۆمەڵگاکەی کار بکا و قسەی بۆ کوتن هەبێ. بۆ ئەمەش پێویستە کەسانی شـارەزا و تایبەتمەند لـە هـەر کـام لـەو بـوارانـەدا هەبن. حوکم نیە سکرتێر یان ئەندامانی دەفـتـەری سیاسیی حیـزب هـەمـوویـان لـە هەموو بوارەکانی وەک ئابووری، مافی مرۆڤ، دیپلۆماسی، ڕاگەیاندن و.. شارەزا بن، بەلام دەبێ سکرتێر و رێبەریی حیزب لە هەموو ئەو بوارانەدا قسەیان بۆ کوتن هەبێ، ئـەوەش تەنیا بـە ڕاوێـژکـاری باش دەکرێ کە ڕۆژانـە بتوانی ڕاوێژ بە رێبەری بدا. بۆ نموونە گرینگترین و هەستیارترین لایەنی ژیانی هەر کۆمەڵگایەک، لایـەنـی ئـابـووریـیـە. ئابووری بووەتە هۆی ڕووخانی رێژیمێک و هاتنە سـەرکـاری رێژیمێکی دیـکـە. باشـە چـۆن دەکـرێ لە گـوتـاری حـیـزبـی دیموکراتدا ئابووری هیچ دەورێک نەبینێ؟ چۆن دەکرێ حیزبی دیموکرات لـەسـەر گـەورەتـرین گەڵاڵەی ئابووریی ئیران لە مێژووی ٥٠ ساڵەی ڕابردووی ئیران دا هیچ قسەیەکی بۆ کوتن نەبی، لە حاڵێک دا ئەم گەڵالەیە (ئامانجدارکردنی یـارانـەکـان) لـەسـەر ژیـانی تاک بە تاکی کۆمەڵگای کوردستان کاریگـەریی بنـەڕەتی هـەیە کە بتوانن سیاسەتداریژی بکەن کە چۆن لە ڕووی ئابوورییەوە فشار بخەینە سەر دەسەلات، و...

یان نموونەیەکی دیکەی وەک مافی مرۆڤ، مافی مرۆڤ تەنیا بریتی نیە لە کۆمەڵێک قسەی ئێحساسی کە ئێحساساتی خەڵکی پێ بوروو ژێنین، بەلکوو مافی مـرۆڤ لایەنێکی تەخەسوسی هەیە، کە ئەمرۆکە لە زانکوکاندا دەخوێندرێ. کابرا هـەر زاری کردەوە تەرەف هەست بەوە دەکا کە چەندە لەم بابەتە شارەزایە یان نیە. بۆیە رێبەریی حیزب کاتێک بۆ نموونە لـەگەڵ سیاسییەکی ڕۆژئـاوایـی یـان کەسانێکی پێوەندیدار یان لە میدیایەکدا قسـە لـە سـەر مـافـی مـرۆڤ دەکـا، دەبـێ قسەکانی ئەوەندە بنەمایەکی زانستییان هەبی کە لیان وەربگیرێ. تەنیا ئەوەندە دەڵێم کار کردن لەسەر بواری مافی مـرۆڤ بـۆ بزووتنەوەی کورد زۆر گرینگەو پێویستە بە شێوەیەکی تەخەسوسی کاری لـەسـەر بـکـرێ و بـۆ ئەمەش پێویستی بە کەسی شارەزا لەم بوارەدا هەیە بۆ ئەوەی قسەمان بۆ کوتن هەبی دیارە پێویستیمان بە کارناسانی ئابووری هەیە کە بەرنامە دابڕێژێ و ڕاوێـژ بدا بە رێبەریی حیزب و لە بواری جێبەجی کردنیش دا کاری بۆ بکا و..

لـە کۆتـایـی ئـەم بـەشـە دا مـاوەتـەوە ئـەوە بڵێین کە هیچ هـێزێکی سـیـاسـی نـاتـوانـی لە هیچ بواریک دا سەرکەوتووبی، ئـەگـەر بـەیـتـو بـــــەردەوام لە بـوارە جـۆراوجـۆرەکاندا خۆی «بـە ڕۆژ» نـەکـاتـەوە و هێزی ئینسانی و کادری شارەزای لەو بوارانەدا نەبی. با ئەو قسەیەش لەبیر بکەین کە دەوتـرێ هێزە شارەزاکانمان با هەر لە ناوخۆی وڵات بمێننەوە، چونکە لێرە وەک مێشک و دڵی حیزب جارێ زیاتر لە هەر شوێنێکی دیکە هەست بە پێویستیان دەکرێ. بە ئانقەستیش باسی لایەنی ڕاگەیاندنم نەکرد چونکە.. با بمێنێتەوە و هەر باسی نەکەین چاکترە!

لە درێژەی ئەم باسەدا، باس لە لاوازیی رێبەری و کالبوونەوەی ئارمانەکان دەکەین.

**هەموو حیزبێکی سیاسی بۆ ئەوەی بەردەوام خۆی لەگەڵ گۆڕانە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکاندا نوێ بکاتەوە، پێویستییەکی حاشا هەڵنەگرو ژیانەکیی بە نوێ کردنەوەی جەستەی خۆی، بە خوێنی نوێ و هێزی ئێنسانی نوێ هەیە، ئەوەش بەتایبەت بۆ حیزبێک کە لە تاراوگە بێ و لە قۆناخی رزگاریی نەتەوەییدا بێ**

**هێزێکی سیاسی تەنیا کاتێک دەتوانێ بیپێتە هێزێکی کاریگەر و لە نێو هاوکێشە سیاسییەکاندا ڕۆڵ ببینێ کە لە سەر هەموو بوارەکانی پێوەندیدار بە ژیانی کۆمەڵگاکەی کار بکا و قسەی بۆ کوتن هەبێ**

«رێبەریی هەڵبژێراوی کۆنگرەی ١٤ تا چەندە توانیویانە بڕیارو راسپاردەکانی کۆنگرەی ١٤ جێبەجێ بکەن؟»

مەحموود شێرزاد:

# ناکرێت بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی مرۆیی لە شێواز و کەرەستەی نامرۆیی کەڵک وەربگرین

دیمانە: وریا رەحمانی

**پ: با سەرەتا لە پێناسە و تایبەتمەندییەکانی خەباتی مەدەنییەوە دەست پێ بکەین، پێناسە و تایبەتمەندییەکانی ئەو شێوازە لە خەبات چین؟**

و: ئەگەر بەکورتی و بەزمانێکی سادە خەباتی مەدەنی پێناسە بکەین، یانی بەشێوەیەکی ناتوندوتێژ و بەبێ بەکارهێنانی کەرەستەکانی توندوتێژی بەرچەستەکردنەوەی هەڵوێستی «نا» لە ئاست حکومەت، دامەزاوە و لایەنە جیاجیاکانی دەسەڵات بە بێ لەبەرچاوگرتنی یاسای بنەڕەتی ئەو حکومەت و دامەزراوانەی «نا»یان پێدەوترێت. لێرەوە «نا»ی ناتوندوتێژ جگە لەوەی جەوهەری خەباتی ناتوندوتێژ پێکدێنێت، بە شێوەی جۆراوجۆر و بە مەبەستی جیاجیا کەڵکی لێوەردەگیرێت، واتە جگە لەوەی خۆی شێوازێکە بۆ گەیشتن بە ئامانج یا کۆمەڵە ئامانجێک لە هەمان کاتدا هەم ستراتێژی و هەم ئامانجە. ئەم «نا»یە لە کردەوەدا لە مانگرتن و تەحریمی دانەیی(موردی) یەوە تا مانگرتن و تەحریمی پێکهاتەیی(ساختاری) لەخۆ دەگرێت. بەو مانایە هەڵوێستی «نا» یا بە گشتی ستراتێژیی خەباتی ناتوندوتێژ بە مەبەستی جۆراوجۆر و لە قەبارەی جیاجیادا بەرچەستە دەکرێتەوە. بۆ نموونە دەکرێت زیندانییەک لە پێناو دەستەبەرکردنی مافە یاساییەکانی خۆی لە زیندانـدا مانبـگرێت، یا کۆمەڵێک کرێکاری دامەزراوەیەکی پیشەسازیی بە مەبەستی زیادکردنی مووچەی مانگانە دەست لەکار بکێشنەوە، یا بە هەمان شێوە نەتەوەیەکی داگیرکراوی تەنانەت سەربەخۆییخواز دەتوانێت هەڵوێستی «نا» و شێوازی ناتوندوتێژی خەبات بە مەبەستی سەربەخۆیی نەتەوەیی بە دژی داگیرکەری وڵاتەکەی بەکار بێنێت.

بەشی دووەمی پرسیارەکەت یەکجار گرنگە، هەربۆیەش پێم باشە بە هەندی شیکردنەوەوە وڵامی بدەینەوە، چونکە ئەزموونی قسە کردن و نووسینی ئەو چەند ساڵەم لەوبوارە لەو خاڵە گرنگەی تێگەیاندم کە «ڕستەی قسەکردن» و «ڕستەی نووسین» لەو بوارەدا خراپ تێگەیشتنێکی زور دێنێتە ئاراوە. جیا لەوە ستراتێژیی خەباتی ناتوندوتێژ وەک شێوازێک بۆ ڕزگاریی نەتەوەیی باس دەکەم نەک بەمەبەستی دەستەبەرکردنی مافە تاکەکەسی و گرووپییەکان لە چوارچێوەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیدا، چونکە ئاگام لێیە هەمیشە هاوڕێیان ئەم شێوازە لە خەبات لە گەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیدا تێکەڵاو دەکەن، ئەوەش خۆی باسێکی ورد و سرنجراکێشە و هەول دەدەین لە شوێنی خۆیدا شی بکەینەوە. هەربۆیەش ئەم شێوازە بە پێی ئەو ئامانجەی هەڵیدەبژێن ڕێگە و کەرەستەی ئێشکردن هەڵدەبژێت و پێکهاتەی خۆی دادەڕێژێت.

تایبەتمەندییەکانی ستراتێژی خەباتی ناتوندوتێژ بریتین لە سێ خاڵی سەرەکی کە هەول دەدەم بە کورتی ئاماژەیان پێبکەین.

**یەکەم:** خەبات دەکاتە پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی گشتگیر. واتە ستراتێژیی خەباتی ناتوندوتێژ توانایی ئەوەی هەیە سەرجەم پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان و سەرجەم توانایی و لێهاتوویە جیاجیاکانی زۆرینەی نەتەدامانی کۆمەڵگا و زۆرینەی نەتەوە هەر لەناو خودی پێکهاتەی مەبەستدا (ئەو پێکهاتە کۆمەڵایەتی ـ نەتەوەیی و سیاسییەی هەوڵی گۆڕینی دەدرێت) وەگەڕبخات و لە خەباتدا بەشداریان بکات، ئەم بەشداربیکردنە لەسەر دوو بنەمای ناتوندوتێژی و تەحریمی پێکهاتەیی بەردەوام ( تحریم ساختاریی مستمر) بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو بەرجەستە دەبێتەوە، یانی ئەگەر نەتەوە یا کۆمەڵگا لەسەرەتای داگیرکراندابێت (سەرەڕای هێرشە خوێناوییەکانی داگیرکەر) نە تەنیا لەگەڵ داگیرکەر «جەنگ» ناکات، بەڵکو «تەسلیم»یشی نابێت، واتە هیچ چەشنە هاوکارییەکی سیاسی و ناسیاسی پێشکەشی داگیرکەرناکات، ئەگەریش پێشتر داگیرکرابێت ئەوە لە ساتەوەختی دەستپێکردنی خەباتەوە چیتر هاوکاریی دامەزراوە حکومەتییەکان ناکا، بەڵکو خۆی لە دامەزراوەو کۆلەکەکانی حکومەت دەکشێنێتەوەو بەو شێوەیە حکومەت هەم لە ڕووی بەڕێوەبەرێوە تووشی قەیرانێکی پشتشکێن دەکات، هەم مەشروعییەتی حکوومەت لە سەر ئاستی نێونەتەوەیی تووشی قەیرانێکی بنەڕەتی دەکات. ئەگەر لەم بوارەوە مودێلی ستراتێژیی خەباتی ناتوندوتێژ لە گەڵ مودێلی خەباتی چەکداریدا بەراورد بکەین، ئەوەی بە دروستی دەستمان دەکەوێت ئەوەیە لە خەباتی چەکداریدا پێچەوانەی ئەو ڕووداوە ڕوو دەدات، واتە تەنیا گرووپێکی زۆر کەمی کۆمەڵگا دەتوانێت (لە دەرەوەی پێکهاتەی کۆمەڵگادا) لە خەباتدا بەشداریی بکات، لێرەوە گرووپە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەش ڕەنگە بە دل لەگەڵ خەبات و لەشاخ بن، بەڵام بەرە بەرە لە کردەوەدا دەکەونە خزمەت حکومەتەوە، یانی بە دامەزرانیان لە دام ودەزگا جۆراوجۆرەکاندا خزمەت بە سەقامگیربوونی زیاتری ئەو لە شار و شارۆچکە و گوندەکاندا دەکەن، چونکە بە کردەوە شارزەایی و توانایییەکانیان دەکەوێتە خزمەت بەهێزبوونی حکومەتی داگیرکەر لە وڵاتە داگیرکراوەکەیاندا، واتە خەبات لە شاخ و دەرەوەی وڵاتەوە هەوڵدەدات داگیرکەر کوردستانبەدەر بکات و کۆمەڵگاو نەتەوەش لەناو شاردا نا ئاگایانە و لە ڕێگەی دامەزرانیان لە دامەزراوە جیاجیاکاندا دەبنە هۆی سەقامگیربوونی داگیرکەر، لە ڕاستیدا ئەوە پاراڤۆکسیکی زۆر ترسناکە و هەرگیز ڕێەرانی خەباتی چەکداری ئێمە لە هیچ یەک لە پارچەکانی کوردستان هەستیان پێنەکردوە و ئاگاداری نەبوون. کەچی بۆ نموونە لە هەندی حاڵەتیشدا هەر ئەو خەڵکە جاروبار لە هەڵوێستێکی دانەیی(موردی)دا بە دژی سیاسەتەکانی حکومەت بەشداری دەکات و نارەزایەتی دەردەبڕێت، یانی لە هەڵبژاردنێکدا دەنگ نادات یا لە ڕۆژی بۆنە و کارەساتە نەتەوەییەکانی خۆیدا دێتە سەرجادەو ڕێپێوان دەکات کەچی بۆ بەیانی دەچێتەوە ئیدارە و دەکەوێتەوە خزمەت ئەوەوە و هێز و شارەزاییە جۆراوجۆرەکانی خۆی بە حکومەت و دێکتاتۆرییەت دەبەخشێتەوە. هەربۆیەش لێرەوە پێویستە ئەوە بزانین کە هیچ حکومەتێکی دێکتاتۆری تائێستا بە تەحریمی مەوریدی نەگۆڕاوەو نەرووخاوە. بۆیە لەدۆخی خەباتی چەکداریدا ئەگەر فاکتەرێکی بەهێزی نێونەتەوەیی بە قازانجی داگیرکراوەکان ڕۆل نەبینێت ئەو مۆدێلە لە خەبات بەرە بەرە لاواز دەبێت و ئەگەری زۆرە هەرگیزیش سەرکەوتن بە دەست نەیەنێت، ئەگەریش هاتوو بە دەسەڵات گەیشت لانیکەم لە چەند دەیەی یەکەمی حکومەتداریتیدا ناتوانێت ئەزموونێکی دیموکراتیک پێشکەش بکات.

**دووەم:** شێوازی خەباتی ناتوندوتێژ خەبات و ئامانجەکانی خەباتی دەکاتە بەهایەکی دەروونی و بەو شێوەیە چۆنییەتی شێوە و شکڵی حکوومەت و کۆمەڵگای داهاتووش گەرەنتی دەکات. ئەم تایبەتمەندییە یەکێکە لە تایبەتمەندییە هەرە جەوهەرییەکانی ستراتێژیی شێوازی خەباتی ناتوندوتێژ، هەر بۆیەش پێویستە ئەو خاڵەیان بە کورتی و بەوردی شی بکەینەوە، چونکە هەموو ڕەوتێکی خەبات و زۆرەبەی ئەو ئامانجانەی هەندێ لە ڕەوتە شۆڕشگێڕییەکان هەڵیدەگرن نابنە جیهانبینی و بنەمایەکی دەروونی و ئەخلاقی لە دەروونی خەباتکارەکاندا. شێوازی ستراتێژیی خەباتی ناتوندوتێژ لە گۆڕینی دەروونی تاکەکەسەکانەوە دەست پێدەکات، یانی لە گۆڕینی جیهانبینیی تاکەوە بۆ گۆڕینی جیهانبینیی کۆمەڵگا و لەوێوە بۆ گۆڕینی دەسەڵات هەنگاو دەنێت، واتە سەرەتا هەوڵدەدات تاکەکان بگەڕێنێتەوە بۆ ناو دەروونی خۆیان و وابکات لەوێدا لە گەڵ چەمک و حەزەکانی وەک دێکتاتۆرییەت و دیموکراسی و ئازادی و...هتد پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان و سەرجەم توانایی و لێهاتوویە جیاجیاکانی زۆرینەی نەتەدامانی کۆمەڵگا و زۆرینەی نەتەوە هەر لەناو خودی پێکهاتەی مەبەستدا (ئەو پێکهاتە کۆمەڵایەتی ـ نەتەوەیی و سیاسییەی هەوڵی گۆڕینی دەدرێت) وەگەڕبخات و لە خەباتدا بەشداریان بکات، ئەم بەشداربیکردنە لەسەر دوو بنەمای ناتوندوتێژی و تەحریمی پێکهاتەیی بەردەوام ( تحریم ساختاریی مستمر) بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو بەرجەستە دەبێتەوە، یانی ئەگەر نەتەوە یا کۆمەڵگا لەسەرەتای داگیرکراندابێت (سەرەڕای هێرشە خوێناوییەکانی داگیرکەر) نە تەنیا لەگەڵ داگیرکەر «جەنگ» ناکات، بەڵکو «تەسلیم»یشی نابێت، واتە هیچ چەشنە هاوکارییەکی سیاسی و ناسیاسی پێشکەشی داگیرکەرناکات، ئەگەریش پێشتر داگیرکرابێت ئەوە لە ساتەوەختی دەستپێکردنی خەباتەوە چیتر هاوکاریی دامەزراوە حکومەتییەکان ناکا، بەڵکو خۆی لە دامەزراوەو کۆلەکەکانی حکومەت دەکشێنێتەوەو بەو شێوەیە حکومەت هەم لە ڕووی بەڕێوەبەرێوە تووشی قەیرانێکی پشتشکێن دەکات، هەم مەشروعییەتی حکوومەت لە سەر ئاستی نێونەتەوەیی تووشی قەیرانێکی بنەڕەتی دەکات. ئەگەر لەم بوارەوە مودێلی ستراتێژیی خەباتی ناتوندوتێژ لە گەڵ مودێلی خەباتی چەکداریدا بەراورد بکەین، ئەوەی بە دروستی دەستمان دەکەوێت ئەوەیە لە خەباتی چەکداریدا پێچەوانەی ئەو ڕووداوە ڕوو دەدات، واتە تەنیا گرووپێکی زۆر کەمی کۆمەڵگا دەتوانێت (لە دەرەوەی پێکهاتەی کۆمەڵگادا) لە خەباتدا بەشداریی بکات، لێرەوە گرووپە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەش ڕەنگە بە دل لەگەڵ خەبات و لەشاخ بن، بەڵام بەرە بەرە لە کردەوەدا دەکەونە خزمەت حکومەتەوە، یانی بە دامەزرانیان لە دام ودەزگا جۆراوجۆرەکاندا خزمەت بە سەقامگیربوونی زیاتری ئەو لە شار و شارۆچکە و گوندەکاندا دەکەن، چونکە بە کردەوە شارزەایی و توانایییەکانیان دەکەوێتە خزمەت بەهێزبوونی حکومەتی داگیرکەر لە وڵاتە داگیرکراوەکەیاندا، واتە خەبات لە شاخ و دەرەوەی وڵاتەوە هەوڵدەدات داگیرکەر کوردستانبەدەر بکات و کۆمەڵگاو نەتەوەش لەناو شاردا نا ئاگایانە و لە ڕێگەی دامەزرانیان لە دامەزراوە جیاجیاکاندا لە ڕاستیدا ئەوە پاراڤۆکسیکی زۆر ترسناکە و هەرگیز ڕێەرانی خەباتی چەکداری ئێمە لە هیچ یەک لە پارچەکانی کوردستان هەستیان پێنەکردوە و ئاگاداری نەبوون. کەچی بۆ نموونە لە هەندی حاڵەتیشدا هەر ئەو خەڵکە جاروبار لە هەڵوێستێکی دانەیی(موردی)دا بە دژی سیاسەتەکانی حکومەت بەشداری دەکات و نارەزایەتی دەردەبڕێت، یانی لە هەڵبژاردنێکدا دەنگ نادات یا لە ڕۆژی بۆنە و کارەساتە نەتەوەییەکانی خۆیدا دێتە سەرجادەو ڕێپێوان دەکات کەچی بۆ بەیانی دەچێتەوە ئیدارە و دەکەوێتەوە خزمەت ئەوەوە و هێز و شارەزاییە جۆراوجۆرەکانی خۆی بە حکومەت و دێکتاتۆرییەت دەبەخشێتەوە. هەربۆیەش لێرەوە پێویستە ئەوە بزانین کە هیچ حکومەتێکی دێکتاتۆری تائێستا بە تەحریمی مەوریدی نەگۆڕاوەو نەرووخاوە. بۆیە لەدۆخی خەباتی چەکداریدا ئەگەر فاکتەرێکی بەهێزی نێونەتەوەیی بە قازانجی داگیرکراوەکان ڕۆل نەبینێت ئەو مۆدێلە لە خەبات بەرە بەرە لاواز دەبێت و ئەگەری زۆرە هەرگیزیش سەرکەوتن بە دەست نەیەنێت، ئەگەریش هاتوو بە دەسەڵات گەیشت لانیکەم لە چەند دەیەی یەکەمی حکومەتداریتیدا ناتوانێت ئەزموونێکی دیموکراتیک پێشکەش بکات.

(هێزی بێ هێزەکان)دا دەڵێ خەبات دەبێت جۆرێک لە گۆڕان و بەهایەکی

## ئەگەر بنەما و ئامانجە ستراتیژییەکانی خەباتی ناتوندوتێژی بپارێزرێن خەبات لە ماوەیەکی کورتدا بە دەرئەنجام دەگات

دەروونی و ئەخلاقی بێت، هەربۆیەش بە خەڵکەکە دەڵێت سەرەتا بگەڕێنەوە بۆ دەروونی خۆتان و بزانن دەتوانن کەسێکی ناتوندوتێژ و نادیکتاتۆر بن! ئەگەر بۆتان دەرکەوت کە ناتوانن دیکتاتۆر و توندوتێژ بن و ناتوانن ئەوە لە گەڵ ئەویتر بکەن کە ئەو لە گەڵ ئێوە دەیکات، ئینجا وەرنەوە خەبات دەست پێدەکەین. قاسلاڤ هاڤل بۆ ئەو قسەیە دەکات؟ لەبەر ئەوەی دەزانین دێکتاتۆرەکان بەدژکردەوەی توندوتێژ بەهێزتر دەبن و هەوڵدەدەن باسکی سەرکوتکردنیان لە هەموو ڕوویەکەوە بەهێزتر بکەن و ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتر ڕۆخاندنیان قورستر دەبێت، لە لایەکی دیکەشەوە ئەگەر دێکتاتۆرێک بڕوات و دێکتاتۆرێکی دیکە جێگەی بگرێتەوە وەک هیچمان نەکردبێت وایە، واتە ئەگەر ئێمەش ببینەوە بە دێکتاتۆر هەر خەبات نەکەین باشترە. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە شێوازی خەبات لە خودی خەبات گرنگترە، چونکە شێوازەکانی خەبات خسڵەتی پەروەردەییان هەیە، واتە بەشداریان خەبات لەسەر بنەما تایبەتییەکانی خۆیان پەروەردە دەکەن، لە شێوازی توندوتێژیدا خەبات چاوی بڕیوەتە دەسەڵاتەوە، بەو مانایە زیاتر هەوڵدەدات دێکتاتۆرەکان لەسەر کورسی دەسەڵات بێنێتەخوارو خۆی بچێتە شوێنی ئەوان، نەک هەوڵبدات ئەو کارانەی دێکتاتۆرەکان ئەنجامی دەدەن ئەو لە ئێستا و لە داهاتووی خۆیدا ئەنجامی نەدات. لێرەوە ڕاستە خەباتی توندوتێژیش لە دڕووشمدا بۆ دیموکراسی و ئازادی و مافە مرۆییەکان خەبات دەکات، بەڵام ئەم شێوازە لە ژێرەوە و دوور لە چاوی زۆرینەمان لە دەروونی خەباتکاران و لایەنگرانی خەباتدا بە وردی و بەقوولی بنەماکانی دێکتاتۆرییەت و توندوتێژی جێگیر دەکات، بۆیە تا ئێستا هەر هێز و ڕێبەرێکی خەباتی توندوتێژی لە هەر قەوارەیەکدا بە دەسەڵات گەیشتبێت لە خراپترین حاڵەتدا دێکتاتۆری گەورە و لە باشترین حاڵەتیشدا دێکتاتۆرێکی بچوک و کەم دەسەڵاتی لێ دروست بووە. کەواتە هەندی شێوازی خەبات نەتەنیا خزمەتی هیچ یەک لە ئامانجەکانی خەبات ناکەن، بەڵکو زەربەی قورسیش لە ڕەوت و ئامانجەکانی خەبات دەدەن، چونکە هەر شێوازێک بیەوێت سەرەتا دەسەڵات بگۆڕێت ئینجا کۆمەڵگا و پاشان تاکەکان، دەبێت بزانین کە هەڵەیە. چونکە ئەوە هەرگیز نایەتەدی، لە بەرئەوەی لە دەرئەنجامی ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداری لە گەڵ ئەو دا خۆی لە دەروونەوە دەبێتە ئەو، هەر بۆیەش کە بەدەسەڵات بگات تەنیا دەتوانێت سەرقاڵی دوو شت بێت، یەکەم: تێرکردنی گرێ (عقدە) دەروونییەکانی لە بواری دەسەڵات و پارە و سکسدا کە لە سەردەمی خەباتدا بۆی دروست بووە، دووەم: جەنگ کردن بۆ پاراستنی ئەو پێگەیەی ئێستا پێی گەیشتوە و بەدەستی هێناوە. هەربۆیەش لێرەوە ڕەوتێکی دیکەی خەبات بە دژی ئەو دروست دەبێت و هەمان حیکایەت دووپات و دووپات.. دەبێتەوە، کەواتە ستراتێژیی شێوازی ناتوندوتێژی خەبات لەساتەوەختی دەستپێکردنی خەباتەوە پڕۆژەکردن و پەروەردەکردنی هاوڵاتیی مەدەنی و کۆمەڵگای مەدەنی و سەرکردە و دەسەڵاتی دیموکراتە.

**سێیەم:** سەرکەوتن لە ماوەیەکی کورتدا. ئەگەر بنەما و ئامانجە ستراتیژییەکانی خەباتی ناتوندوتێژی بپارێزرێن خەبات لە ماوەیەکی کورتدا بە دەرئەنجام دەگات. بنەما و ئامانجە ستراتیژییەکان بریتین لە، یەکەم: ڕێبەر و کۆمەڵگای هاوئامانج: واتە دەبێت لە نێوان ڕێبەری و کۆمەڵگادا ئامانجێکی هاوبەش هەبێت. بەو مانایە ئەگەر لە نێوان ئەو دووجەمسەرەدا ئامانجێکی هاوبەش ئەنارادا نەبێت ئەوە وەک نارەزایەتیی سەوزی ئێستای ناو ئێران بەدەنە و ڕێبەری تەنیا دەتوانن کەڵکی کەرەستەیی لێک وەربگرن، لە ڕاستیدا ئەگەر ڕێبەری هاوبەشیان هەبوایە تا ئێستا سەر دەکەوت، چونکە وردە وردە بەرەو تەحریمی پێکهاتەیی بەردەوام(تحریم ساختاری مستمر) دەڕۆیشت و بەو شێوە و ئەندازیارێکی نەرم کۆڵەکەکانی حکومەتی دەست و پێ شکاو دەکرد، لە ڕاستیدا ئەگەر خەڵک هاوکاری و تواناییەکانی خۆی پێشکەشی حکوومەت نەکات و ئیدارەکانی بۆ بەڕێوە نەبات و کۆڵەکەکانی بۆ ڕانەگرێت دەسەڵاتدارەکان بە تەنیا چیان پێدەکرێت، بە قەولی جین شارپ لەو حاڵەتەدا ناتوانن مانگایەکیش بدۆشن. دووەم: پاراستنی بنەمای ناتوندوتێژی لە پڕۆسەی خەباتدا، واتە لەو کاتانەدا داگیرکەر بۆ ئەوەی بتوانێت بە ئاسانی خەبات لە ناوخۆدا سەرکوت بکات و لە دەرەوەش پاساوی بدات، هەوڵدەدات پڕۆسەی خەبات بەرەو توندوتێژی بەرێت، یانی هەوڵدەدات خەڵکانێکی زورت لێ بکوژێت و نیشتمانەکەت ئاگرباران بکات تا تۆ دژکردەوە و کەرەستەکانی توندوتێژی بەکاربێنی، چونکە تەنیا لەو حالەتەدا دەتوانێت هەم لەسەر ئاستی ناوخۆ و هەم دەرەوەدا بەسەر خەباتدا سەرکەوێت، بەڵام ئەگەر کۆمەڵگا هەوڵبدات خۆراگر بێت، واتە نە جەنگ بکات و نە تەسلیم بێت بەڵکو هاوکاریی نەکات، ئەوە بەرە بەرە هاوسەنگییەکە دەگۆڕێت، واتە جگە لەوەی ڕێژەی زەبروزەنگ ڕۆژانە کەمتر دەبێتەوە، دەسەڵات لەسەر هەردوو ئاستی ناوخۆیی و بە تایبەت لەسەر ئاستی دەرەکیدا تووشی قەیرانێکی قووڵ دەبێت. لەسەر ئاستی ناوخۆیی لەلایەک ناتوانێت پێگەی چەماوەری بە دەست بێنێت یا ئەگەر بە دەستی هێنابێت وردە وردە لە دەستی دەدات، لە لایەکی دیکەشەوە هێزە چەکدار و سەرکوتکەرەکانی دەسەڵات تووشی گۆڕانی وێژدانی و دەروونی دەبن، واتە زۆربەیان هیچ ڕۆژێک ناتوانن وەکوو ڕۆژەکەی پێشتر بکۆژ بن، هەر بۆیەش بە پێی بەڵگەو لێکولینەوەکان تا ئێستا ٥٣٪ هێزە سەرکوتکەرەکانی دەسەڵاتە دێکتاتۆرەکان تێکەڵ بە خەڵک و خەباتکارانی مەدەنی بوون، بەڵام ئەگەر بە کوشتن وڵامی کوشتن بدرێتەوە ئەوەی لە دەروونی هەردووڵادا بەردەوام لە قووڵ بوونەوەدا دەبێت بریتییە لە ڕق و هەستی نامرۆڤانەی تۆڵە، کە ئەوەش جەنگەکە تەمەن درێژتر و خەباتیش بە ئاراستەیەکی ترسناک و بی دەرئەنجامدا پەلکێش دەکات. لە ڕاستیدا ئەو چەکە دەروونی و ئەخلاقییەی ستراتێژیی خەباتی ناتوندوتێژ هەوڵدەدات ئێمەی لێ ئاگادار کاتەوە کە لە دەروونی هەموواندا هەیە هەزران جار بەهێزترە لە چەکی ئەتۆمی و هەر چەکێکی دیکە کە بە دەستی مرۆڤەکان دروستکراوە، ئەوەش شتێکی بەڵگە نەویستەو هەموو ئەزموونەکانی ئەو بوارە ئەوەیان سەلماندوە.

**چوارەم:** یەکیەتیی جەوهەری نێوان ئامانج و کەرەستە و شێواز. دەبێت لە نێوان شێوازی خەبات و ئەو کەرەستانەی لە پڕۆسەی خەباتدا بەکار دەهێنرێن و ئامانجی خەباتدا یەکێتییەکی جەوهەریی قووڵ و نەگۆڕ هەبێت. یانی ناکرێت بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی مرۆیی لە شێواز و کەرەستەی نامرۆیی کەڵک وەربگرین، ئەگەر ئەو کارە بکەین بەدەرئەنجامی بەپێچەوانە دەگەین، واتە بەجێگەی دیموکراسی سەر لە دێکتاتۆرییەت دەردێنین. لێرەوە پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە، بۆ نمونە ئەگەر ئامانجێکی نامرۆییمان هەبێت و لەو پێناوەدا شێواز و کەرەستەی مرۆیی بەکار بێنین دیسان هەر دەرئەنجامی پێچەوانە بە دەست دێنین، واتە بۆ نموونە بەجێگەی قوڵکردنەوەی ڕق و ڕقین دەکەوینەوە داوی ڕێز و خۆشەویستیی مرۆیی بۆ یەکتری، کەواتە هەرچەند ئامانجەکەشمان نامرۆیی بێت ئەگەر بۆ گەیشتن پێی شێواز و کەرەستەی مرۆیی بەکار بێنین، ئەوە ئامانجەکەمان لە دەستکەوتدا دەبێتە ئامانجێکی مرۆیی، بەڵام ئەگەر ئامانجەکەمان مرۆیی بێت و شێواز و کەرەستەی نامرۆیی بەکار بێنین، ئامانجەکەمان لە دەستکەوتدا دەگۆڕێت بۆ ئامانجێکی نامرۆیی. هەربۆیەش لەوە دڵنیام شێوازی خەبات لە خودی خەبات گرنگترە.

درێژەی هەیە

# خوێندنەوەی چەند شێعری «تەنیا»

وریا رەحمانی
yesna_2705@yahoo.com

«مسعود فەتحی» لەو شاعیرە لاوانەی رۆژهەلاتی کوردستانە کە لەم چەند ساڵەی دوایی دا هەوڵێکی جیددی و ماندوونە ناسانەی لە بواری شێعر و ئەدەبی نوێی کوردی دا دەست پێ کردوە. مەسعوودی فەتحی کە نازناوی شیعری یەکەی «تەنیا»یە لە بواری کورتە شێعر دادە ستێکی بە توانای هەیە و لە بەستێنی ناوەرۆک دا تازە گەری و پێکهاتە شکێنی یەکی بەرچاوی نواندوە. گەرچی وەک زمان و نورمە تەکنیکی یەکانی زمانی نەیتوانیوە لادانێکی ئەوتۆی شاعیرانە پێک بێنی ولە بواری باوی زمانی دا گۆڕانێکی سەرنج راکێش و ئەمرۆییانە بخولقێنی، بەلام بە ئەرخەیانیەوە لە چوارچێوەی ناوەرۆکی شیعری و گۆڕینی زاویەیەی دید و وێنای هونەری یەوە توانیویەتی سەرکەوتوو بێ. لەلایەنە گرینگەکانی شێعری «تەنیا» دەکرێ ئاماژە بە رەهەندی رەخنەگرانی و بوازی ئاشنایی یەسرینەوە بەردەوامەکانی شیعری لە بەیانی واتا جیاوازەکان و خولقانی مانای نوێ بکرێ. لەلایەنە بەرجەستەکانی ئەم شیعرانە وێنای فەزایەکی چەند رەهەندە لە بواری دەرکی شیعری و مانا دایە کە شاعیر توانیویەتی بواری راڤەی شیعری تا ئاستێکی گونجاو و فرەچەشنانە بکاتەوە و بەشێکی تێگەیشتن و چێژی هونەری و ئاسۆی کاریگەریی بابەتیانەی دەق بە واتایەکی بەرین و بەربڵاو بەوپەڕی خۆی بگەیەنێ.

وەستم باوکم
لەخەیاڵتی مێژوو دەڕێنم
ئاڵاوی چەک
وای لە دەستم

لە یەکەم خوێندنەوەی ئەم کورتە شێعرەدا گوتاریکی شەهید دوکتور قاسملوی نەمرم وەبێ کەوتەوە کە دەڵێ: ئێمە بۆیە خوێن دەڕێژین و شەهید دەدەین، چوون نەسلەکانی پێشوومان باش کاریان نەکردووە و ئەرکە نەتەوەیی و مێژویی یەکانی خۆیان نەناسیوە و بەجێیان نەگەیاندووە.

لەم شێعرەدا شاعیر باوکی وەک نموونەی نەسلی پێشووی خۆی دەهێنێتەوە لەو رووییەوە کە بە جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی خۆی نەجووڵاوەتەوە بە شەرمەزاری مێژوو دەزانێ و بۆوەی بۆ خۆشی تووشی ئەو شەرمەزاریە نەبێ و لەهەمان کاتدا بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەو خەسارانەی کە لە رابردووەوە بۆ ئەمرۆی خۆی ونەتەوەکەی بە یادگار ماونەتەوە، هەست بە بەرپرسایەتییەکی مێژوویی دەکا و پێی وایە بۆ دەرباز بوون لەم ئاستەنگە نەخوازراوە پێویستە بە گیانێکی شۆرشگێرانەوە و جارێک بۆ هەمیشە قۆڵی هیمەتی لێ هەڵماڵدرێ و گرفتە مێژوویی یەکان چارەسەر بکرێن. ئینجاشاعیر باس لەم راستییەش دەکات کە ئەم شێوازی خەباتە هەرگیز بە پەسند نازانێ و وەک ئازارێک ناوی دەبات بەلام ئەوە تەنیا بۆ پێشگرتنە لە نەهامەتیی زیاتر و گەرانەوە بۆ دۆخێکی ئاسایی.

ئاشەوانێک
لە پێستی خۆی وەرکە را
مێژووەکی ئارەسەن کرد
بەرەحمەت بێ
لەو کاتەوە باوکم خەریکی مردنە

باوکم هەرسی تڵاقەکەی
لەکەڵ خۆی بردە لەو دونیا
وایکم هەموو حەقەکانی
بەوسی تڵاقە بەستراوەوە
وایکم لەوین و ژیان بوو
وایکم
شەوی شانوی بووک و ئاوای باوکم
پێسر بوو...

رەخنەی شاعیر لە رەوت و نەریتە باو و داسەپاوەکانی کۆمەڵگەکەی کە ئاماژەیەکی هونەرییانەی سەرکەوتوویە بە دواکەوتوویی نەخوازراوی وڵاتەکەی لەم شێعرەدا بە جوانترین شێوە رەنگی داوەتەوە. بەرامبەر بوونەوەی نەریتە دواکە و تووەکان و حەزودا خوازی یە ئێنسانی یەکانی لە بارو دۆخی ناروستەم خولقێنی کۆمەڵگایەکی پیاو سالارانەی مەزهەبی دا وێنای شێعرێکی جوان و بەهێزی خولقاندووە کە پرە لە تەکنیکە دەروونی یەکانی شیعری و هونەری.

دوای خوێنی حەقەکانی
دوور لە هەموو ئەریتەکان
بەسەرکیتکەی وڵیا ڕژاند
شێعری تەنیایی پێی نووسیم
پرتی تەنیایی پێی رستم

فتوای وڵسی لەسەر دەوم
شەرتە لە شەوی دووا
حەقە مانگی کەس ناکەم.

گرینگترین لایەنی مەعریفەتیی ئەم دەقە شێعرەیە بەرجەستە بوونێکی شێعریی. مانایی و وێنایی و زمانیی چەمکی «تەنیا»ییە.

هەروەها بیزاریەکی زۆری شاعیر لەو تەنیایی یەیە کە تەنانەت تا ئاستی رژانی خوێن و بەرەو مەرگ بردنێکی نەخوازراوی دەبات. بەلام هێور هێور جادووی ئەوین راهاتنێکی کەم وێنەی وەدی هێناوە کە بەرە بەرە بەرەو خۆشەویستی و خۆگونجاندنێکی ئەویندارانە لەگەڵ ئەو تەنیاییە دا دەبات. بەتایبەت کەلک وەرگرتن لە «مانگ» وەک نمادی خۆشەویستی و ئەڤینی لە رادەبەدەری شاعیرانە کە مەجنوون ئاسا لە توێی دۆخێکی شاعیرانە و هونەریەوە خۆی دەنوێنێ. لایەنێکی دیکەی گرینگی ئەو شێعرە کەلک وەرگرتن لە جێناوی سێیەم کەسی تاکە بە جێی دووهەم کەس. لێرەدا شاعیر بە هۆی دڵگرانیەکی زۆر کە لە دلدارەکەی هەیەتی و بەلای خۆیەوە لێی تۆراوە یان خۆی حەز ناکات و لە خۆی راناببێ کە لەگەڵی رووبەروو بێتەوە و وەک بەردەنگێک بیدوێنێ، کەواتە وەک نادیار و غەریبەیەک باسی دەکا و لە راستی دا ئەوە خۆی دەدوێنێتەوە و تێدەگا کە ناتوانێ لە یادی بکاتەوە و دەستی لێ هەڵگرێ. ئینجا پاش ئەوەی کە سێیەری باڵی تەنیایی بەسەر شیعرەکانی دا هەست پێدەکا و دەزانێ کە ناتوانێ لێی دەرباز ببێ، بۆیە بە پەتی تەنیایی ئەو خۆی لە دار دەدات. بەو مانایەی کە ئیتر بۆ ئەو نەبێ و لەبەر ئەو نەبێ پێویستی بە ژیان نیە و لە دەرەوەی بازنەی ئەو دا خۆی نابینێتەوە و مردووە.

کەوایە بە شێوەیەکی دیوانەوار لە چوارچێوەی مانگی حەزو ئاواتەکانی تەنیایی دا دڵخۆش بە بیرەوەری و خولیا عاشقانەکانی دڵدارەکەی (ئـــەو)دا، شەوی شیرین درووست دەکات.

---

# عەلی خەندان، وێنای ئەدەبیاتی تەنزی وێژەیی

ن: یەسنا

نازانم راستە یان دەڵێن چەند ساڵ لەمەوبەر یەکێک لە وتەکانی «عەلی خەندان» وەک گوتاری هەڵبژاردەی حەوتووی بەشی فارسیی رادیۆی ئامریکا دەسنیشان کرابوو، کە خۆی دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی بە دوای هێرشی ئەو وڵاتە بۆ سەر ئەفغانستان و عێراق دەنگۆی ئەوە بڵاو بۆوە کە ئەوە کوتایی نییەو ئامریکا بەنیازە گۆڕانکارییەکی بەرین لە ناوچەکەدا پێک بێنێ و دەیەوێ ئیتر کوتایی بە تەمەنی ئەو رێژیمە دیکتاتۆرانە بێنێ کە لە دژی راوەستاون و بەرژەوەندییەکانی دەخەنە مەترسییەوە.

هەر لەو سەروبەندەشدا کە لە کۆمەڵگەدا زیاترین باس لە ئەگەری نزیکیی هێرشێکی یەکلاکەرەوە بۆ ئێران دەکرا، لە ناکاو «سوریا» وەک کارگی بەهاری قوت بۆوەو کەوتە بەر سەرنجی ئامریکاو تا رادەیەکی زۆر سەرنجی ئەو وڵاتەو رای گشتیی جیهانیی بە لای خۆیەوە راکێشا. لەو بارودۆخە تایبەتەی ئەو کاتدا کە خەڵکی ئێران بە گشتی و خەڵکی کوردستان بەتایبەتی هیچ چاری رێژیمی کۆماری ئیسلامییان

نەدەویست. عەلی خەندان وێژەیی کوردییە گوتبووی: «وەڵڵاهی، بە خودا، نۆرەی خۆمانەو سووریا «نۆرە بڕی»مان لێ دەکات». عەلی خەندان لەگەڵ ئەوەیدا کە یەکجار قسەخۆش و نوکتەزانیش بوو لە هەمان کاتدا بە یەکێک لە گەورەترین هونەرمەندانی گۆرانیبێژی کوردستانیش ناسراوەو خاوەنی پێگەی خۆیەتی. پاش تەمەنێکی زۆری خزمەت بە فەرهەنگ و هونەری کوردی بەداخەوە لەم یەک دوو ساڵەی رابردوودا کۆچی دوایی کردو یادی لە مێژوودا مایەوە. وەکی بۆ خۆی گێراویەتەوە زیاتر لە سەد ساڵی تەمەن بووەو ئیزرائیل لە بیری چۆتەوە کەچی خەڵکی لێتاگەڕێن و بەردەوام وەبیری دێننەوە. دەڵێن جارێکیان عەلی خەندان کەرێکی کوێری دەبێ و دەیبا بۆ بازاڕی حەیوانان بیفرۆشێ. کابرایەک دەیەوێ لێی بکڕێ و دەڵێ کاک عەلی خۆ ئیرادو شتێکی وای نییە. ئەویش دەڵێ ناوەڵڵا ئیراد لە چاوم دا هەبێ لەودا نییە. کابرا لێی دەکڕێ و پاش ماوەیەک چاو لێ دەکا کەرەکە کوێرە. ئینجا غاری دەداو دەیباتەوە بۆ کاک عەلی دەڵێ ئاخر مەردی حیسابی تۆ نەتگوت هیچ عەیبێکی نییە؟ خۆ ئەو کەرەی تۆ پێت داوم چاوێکی کوێرە، عەلی خەندان لە وڵامی ئەو کابرایەدا دەڵێ «خۆ من پێم وابوو لەگەڵ کەسێکی ئاقل سەودام کردوە! بۆ کاکە من کەرم پێ داوی سواری بی، یان رۆژنامەت بۆ بخوێنێتەوە؟!

دەڵێن رۆژێکیان چەکێکی بردبوو بۆ بانک وردی بکاتەوە کەچی لەوێ پێیان گوتبوو پووڵی نەغدمان نەماوەو بڕۆ سبەینێ وەرەوە. ئەویش کە گۆیا ئەو رۆژە پێویستییەکی زۆری بە پووڵ ببوو بە تەواوەتی رقی هەستابوو لە نێو بازاڕدا بە دەنگێکی بەرز دەیگوڕاندو

دەیگوت «جا چۆن بانکێکی دەوڵەتی دەبێ بڵێ پووڵمان نییە! وەڵڵاهی هەرسێک تەلاقم کەوێ ئەو رێژیمە بیست ساڵیشە رووخاوە، بەلام هێندە قەرزدارە کەس ناوێری وەئەستۆی گرێ».

دەڵێین رۆژێک لە نێو بازاڕ جیبێک لێی داوەو لاقێکی دەشکێنێ. کاک عەلیش دەچێ بۆ دادگاو شکایەتی لێ دەکا. شۆفێرەکە زۆری لێ دەپاڕێتەوە بەلام ئەو هەر رەزایەتی پێ نادا. کابراش زۆری لە دڵگران دێ و دەڵێ باشە مەگەر چیم لێ کردووێ؟ لاقێکت شکاوەو تەواو. عەلی خەندان کە بە بیستنی ئەو قسەیە تەواو خوێنی خراپ دەبێ بە تووڕەییەوە پێی دەڵێ «خۆ کاکە من هەزار پێ نیم، سەد لاقم بێ. هەمبوو و نەمبوو دوو دانە لاق. ئەویش تۆ یەکیانت شکاند».

تازە دەوڵەتی نوێیەم هاتبووە سەر کارو بەرە بەرە بارودۆخی وڵات بەتایبەت لە بواری ئابوورییەوە بەرەو خراپتر بوون دەچوو. عەلی خەندان کە زۆر زوو هەستی بەو قەیرانە گەورەیە کردبوو گوتبووی «ئەگەر حکوومەتداری ئاوایە، من بە تەنیا بیست و چوار دەوڵەتی وا بەڕیوە دەبەم».

دەگێڕنەوە کە هاوینێک، شەوێکیان کە مێشەکوێرە تەواو تەنگیان بە کاک عەلی هەڵچنیبوو و نەیاندەهێشت بخەوێ، هەستابوو لە داخان دەیگووت «وەڵڵا مێشەکوێرەی سەگباب هەمووی دەڵێی پاڵەوانن. بە سێیان پەتوەکەت لە سەر بیست ساڵیشە رووخاوە، بەڵام هێندە قەرزدارە کەس ناوێری وەئەستۆی گرێ».

دەڵێین رۆژێک لە نێو بازاڕ جیبێک لێی داوەو لاقێکی دەشکێنێ. کاک عەلیش دەچێ بۆ دادگاو شکایەتی لێ دەکا. شۆفێرەکە زۆری لێ دەپاڕێتەوە بەلام ئەو هەر رەزایەتی پێ نادا. کابراش زۆری لە دڵگران دێ و دەڵێ باشە مەگەر چیم لێ کردووێ؟ لاقێکت شکاوەو تەواو. عەلی خەندان کە بە بیستنی ئەو قسەیە تەواو خوێنی خراپ دەبێ بە تووڕەییەوە پێی دەڵێ «خۆ کاکە من هەزار پێ نیم، سەد لاقم بێ. هەمبوو و نەمبوو دوو دانە لاق. ئەویش تۆ یەکیانت شکاند».

تازە دەوڵەتی نوێیەم هاتبووە سەر کارو بەرە بەرە بارودۆخی وڵات بەتایبەت لە بواری ئابوورییەوە بەرەو خراپتر بوون دەچوو. عەلی خەندان کە زۆر زوو هەستی بەو قەیرانە گەورەیە کردبوو گوتبووی «ئەگەر حکوومەتداری ئاوایە، من بە

# KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party

NO: 551 20 january 2011

مانْپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان»، ڕادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdchannel.com Hotbird:6 MHz 11604
polarization: Vertical-SR: 27500 - FEC

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 009647701597268

تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp:Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com


## ڕێکخراوی ئاسەوارە مێژوویی و فەرهەنگییەکانی ئێران بە نیازی هەراج کردنی ئاسەوارە کۆنینەکانە

حەمید بەقایی سەرۆکی ڕێکخراوی میراتی فەرهەنگیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە وتوێژێکدا لە گەل ڕاگەیەنەکاندا ڕایگەیاند کە، ناوەندی هەراجی ئاسەوارە مێژوویییەکان و کرین و فرۆشتنی کەلوپەلە بە قیمەتەکان لەمەبەدوا لە ئێراندا وەکار دەکەوێ.

هەواڵی وەکار کەوتنی کردنەوەی ناوەندی کرین و فرۆشتن و هەراج کردنی ئاسەوارە فەرهەنگییە مێژوویییەکان و کەلوپەلە بەقیمەتەکان تا ئێستا شەپۆلێک لە نارەزایەتیی لە نێوان کارناسان و لایەنگرانی پاراستنی ئاسەوارە فەرهەنگییەکان لێ کەوتۆتەوە.

یەکێک لە کارناسانی بواری ئاسەوارە فەرهەنگییەکانی ئێران بە ڕۆژنامەی هەمشەهریی ڕاگەیاندوە کە، ئەو ئاسەوارە مێژوویانەی هەراج دەکرێن هەرکامەیان ڕابردوویەکی دوورودرێژیان هەیە و باس لە قۆناغێکی مێژوویی دەکەن، کەچی کەس نیە خۆی لە بەرانبەریدا بە بەرپرسیار بزانێ.

باسە کە لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا لە زۆر ناوچەی ئێران یەک لەوان کوردستان بەشێکی بەرچاو لە ئاسەوارە مێژوویییەکان لەلایەن باندەکانی پێوەندیدار بە دەسەڵاتەوە بەتاڵان براون، هەراجکرانی ئاسەوارە مێژوویییەکان لە ئێران نیشانەی پشت گوێ خستنی مێژووی ئێران لەلایەن دەسەڵاتدارانەوەیە.

## کۆنسێرتی گرووپی باڵۆشان لە بێلژیک

گرووپی موزیکی «باڵوشان» بە دەنگی گورانیبێژ خاتوو ژیوار شێخولئیسلامی و بە ئاوازدانەریی کەیوان کیایی، لە دوو شاری وڵاتی بەلژیک کۆنسێرتی موزیک و گورانی کوردی سازکرد، بڕیارە ئەم کۆنسێرتە لە داهاتوویەکی نزیک، لە شاری فراکفورتی ئاڵمان و وڵاتی سویدیش پێشکەش بکرێ.

لەم کۆنسێرتەدا وێڕای پارچە گورانییە کوردییەکانی «عەزیزم، مەرۆ لەلام، یاهوو و....» چەندین پارچە موسیقای فارسییش پێشکەش کران.

هەر لەم کۆنسێرتەدا مەقامی «مەجنوونی» بەدەنگی ژیوار خوێندرایەوە و لە درێژەشدا تاکژمنی بە ئامێرەکانی تەنبوور و عوود و هەروەها پێکەوە ژمنینی ئامێرەکانی تەنبوور و کەمانچە، لەلایەن ژمنیاران پێشکەش کرا.

ئەندامانی گرووپی «باڵۆشان» بریتی بوون لە: کەیوان کیانیان_ سەرپەرستی گرووپی ئاوازدانەرو ژمنیاری تەنبوور، هەروەها خاتوو ژیوار شێخولئیسلامی _ گورانیبێژ، سۆنیا نیزامی_ ژمنیاری کەمانچە_ تینا پیرهاڵی_ ژمنیاری عوود و ئیسار یاوەر_ ژمنیاری ئامێرە زەربییەکان.

## درهێنەرو ستافی شانۆی «هداگابلر» بانگ دەکرێتە دادگا

دوای نارەزایەتیی هێندێک لە ڕاگەیەنە گشتی و بەرپرسانی فەرهەنگی، دادستانی شاری تاران دەرهێنەر و ستافی ئەکتەرەکانی شانۆی «هداگابلر» بۆ ڕووتکردنەوەی زیاتر بانگ دەکاتە دادگا.

دادستانی تاران بە هەواڵدەری فارسی ڕاگەیاند: بەپێی ڕاپۆرتەکان ئەم شانۆیە لە بواری نیوەڕۆک و چۆنیەتی بەریوەچوونی کێشەی هەیە و فەرمانی ڕاگرتنمان داوە. ئاوبراو هەروەها دەڵی ئێمە پەروەندەی قەزاییمان بۆ ئەم کەیسە پێکهێناوە و دواتر ئاکامی لێکۆڵینەوە و لێپێچینەوەکان ڕادەگەیەنین.

شانۆی «هداگابلر» یەکێک لە گرینگترین بەرهەمەکانی هێنرێک ئیبسن، شانۆنووسی نوروێژییە کە کەسایەتیی گرینگی شانۆ واتە «هداگابلر»ژنێکی زاڵ و خاوەن ئۆتوریتەیە. هەر لەم پێوەندییەدا فاتمە ڕەهبەر، ئەندامی کۆمیسیۆنی فەرهەنگی مەجلیس، نارەزایەتیی خۆی دژی «پەرەپێدانی بی ئەخلاقی و ئاسایی نیشان دانی هەبوونی چەندین مێردو هێماکانی گرووپێکی جینسی بەلاری دارۆیشتوو» دەڵێ: بە دڵنیاییەوە ئەندامانی کۆمیسیۆن لەسەر ئەم شانۆیە داوای ڕوون کردنەوە لە جێگری هونەری وەزارەتی ئیرشاد دەکەن.

## چاپکراوی نوێ

**بۆ یەکەم جار پەرتووکێک لە سەر کۆماری کوردستان بۆ نابینایان و نەخوێندەواران بڵاو دەکرێتەوە**

موژدە بۆ خوێنەرانی کتێب و ئەو کەسانەی دەیانەوێت زیاتر لەسەر کۆماری کوردستان بزانن، کتێبی کۆماری کوردستان بە بۆنەی ٦٥ مین ساڵی کۆماری کوردستان لە لایەن تێکۆشەری سیاسی حامید کەوەهری نووسراوە و لەسەر ئەرکی پەرلەمانی کوردستان لە هەولێر پایەتختی هەرێمی کوردستان بە کتێب و بە C D بۆ نابینایان و کەم بینایان و نەخوێندەواران و ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت بە ڕێگەی گوێ گرتن، ئەم کتێبە بخوێننەوە، بڵاوکرایەوە.

شایانی باسە کە ئەم کتێبە لە ڕۆژی ٢٠١١/١/٢٢ وە بە دەنگ لەسەر ڕادیۆ زاگرۆس لە هەولێر بڵاودەکرێتەوە.

زمارە ٤٠ی لاوان، گۆڤاری یەکێتیی لاوانی دیموکراسی ڕۆژهەلاتی کوردستان چاپ و بڵاو کرایەوە. لەم ژمارەیەی لاوان دا کە جگە لە هێندێک بابەتی گشتی و کارو چالاکی یەکێتیی لاوان، تەرخان بوو بە فایلی «پێشمەرگەی دوێنێ و ئەمڕۆ»، نووسەران پێشمەرگە وەک ڕووناکبیرو شۆڕشگێڕ دەخەنە بەرباس و هەڵسەنگاندن و ئەرکی ئەم کەسایەتییە لە نێوان خەباتی چەکداری و سیاسەت دا لێک دەدەنەوە و لە لایەکی دیکەشەوە ئەرکەکانی ڕابردوو هەنووکەی پێشمەرگە وەبیر دێننەوە.

## ئەنیمەیشێنێک بۆ «شەهیدانی ئازادی» تووێنس

فەهیم مەدعەلی، هونەرمەندی تووێنس، پاش ڕووخانی دیکتاتوری و هەڵاتنی (بن عەلی) ئەنیمەیشێنێکی کورتی پێشکەش بە «شەهیدانی ئازادی»ی تووێنس کردوە.

سایتی ڕۆژنامەی فەرانسەیی لیبراسیۆن لەگەل بڵاوکردنەوەی ئەم ئەنیمەیشینەدا دەنووسێ: «بن عەلی» ڕێشت و تووێنسیش ئازاد بووە. لەو ئەنیمەیشینەدا دروشمەکانی «ئازادی» و «بن عەلی، برۆ ملت شکێ» دەبینرێ.

شۆرشی تووێنس کە بە خۆ ئاوردانی گەنجێک گڕی گرت، دوای کوژران و بریندار بوونی چەندین کەس، هەڵاتنی بن عەلی بۆ عەربەستان لێکەوتەوە.

## بەرهەمەکانی پائۆلۆ کۆئێلۆ لە ئێران قەدەغە کران

نووسەری بەناوبانگی بریزیلی پائۆلو کۆئیلۆ ڕایگەیاند کە فرۆشتنی بەرهەم و کتێبەکانی لە ئێران قەدەغە کراون و لەمە بەدوا هەر بەرهەمێکی نوێ ناوی ئەوی بەسەرەوە بێ قاچاغە.

کۆئیلو لە وێبلاگەکەی خۆی دا سەرسووڕمانی خۆی دەربڕی کە دوای ١٢ ساڵ بڵاوبوونەوەی بەرهەمەکانی لە ماوەی دەسەڵاتی دەوڵەتە جۆراوجۆرەکاندا فرۆشی «شەش میلیۆن بەرگ» لە کتێبەکانی، کاربەدەستانی دەوڵەتی دەیەم لەخۆوە ئەم بڕیارەیان داوە. ئاوبراو دەڵی نازانم لەبەرچی بەرهەمەکانیان قەدەغە کردوە، بەڵام هاوکات ڕادەگەیەنی لە ماوەی پشێوییەکانی دوای هەڵبژاردنی خولی دەیەمی سەرکۆماری کەلکی لە کاناڵە کۆمەڵایەتییەکانی بۆ پشتیوانی لە ئارەش حیجازی وەرگرتوە. پیویستە بوترێ لە دواین ڕۆژەکانی پێشانگەی کتێبی تاران لە ساڵ ١٣٨٤دا هەزار بەرگ لە کتێبی «زهیر» کە لە لایەن ئارەش حیجازی بەرێوەبەری چاپەمەنی کاروان وەرگیردراوەتەوە، کۆ کرایەوە و هەرشە لە ئاوبراو کرا کە شێنی کارەکەی ئاور دەدەن. ژوێنەی ساڵی ٢٠٠٩ ئارەش حیجازی شایەتی کوژرانی ندا ئاغا سولتان بوو، کە بوو بە هێمایەک بۆ بزووتنەوەی سەوزو بەرپرسانی ڕێژیم ئارش و کەسانی دیکەیان بە کوشتنی ئاوبراو تاوانبار کرد. پائۆلۆ کۆئیلۆ زیاتر لەبەر یەکێک لە بەرهەمەکانی بە ناوی «کیمیاگر» لە ئێران و جیهان بەناوبانگە کە تا ئێستا لانیکەم ٣٠٠ میلیۆن بەرگی لە بەرهەمەکانی خۆی لە ١٥٠ وڵاتی جیهان فرۆشتوە.

بەر لە ماڵاوایی

## ئاڵۆزبوونی زیاتری ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئامادەیی کورد بۆ هەلومەرجی تازە

مستەفا شەڵماشی

دوای ڕووخانی کابینەی حەریری لە لوبنان دا هەل و مەرجێکی تازە لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست هاتوەتە ئاراوە. لوبنان یەکێک لەو وڵاتانەیە کە هەر لە سەرەتای دروستبوونییەوە بە سیستمی دێموکراسیی تەوافوقی بەریوەچووە و پسانی سەردەوای تەوافوق لەو وڵاتەدا بە مانای هەلوەشانەوەی گلۆلەی تەوافوق و سەرهەڵدانی پەشێوی و شەڕی تایفی، دینی و مەزهەبییە لە و وڵاتەدا.

تا کاتێک جیاوازیی تایفی و دینی تەنیا لە نێوان مەسیحیەکان و موسوڵمانە سوننییەکان دابوو ، هەوڵدان بۆ دیتنەوەی ڕێگاچارەی ئاشتی و ڕێککەوتن ئاسانتر بوو. بە هەرحال هەم موسوڵمانە سوننییەکان و هەم مەسیحییەکان خۆیان بە بە شێک لە نەتەوەی عەرەب و دنیای عەرەب دەزانی. بەڵام دوای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی لە ئێران و پێچانەوەی نوسخەیەکی تایبەتیی شۆڕشی ئیسلامی بۆ ئەو وڵاتە لە لایەن کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامییەوە و دروست بوونی حیزبوڵڵای لوبنان، مەسەلەکە بەتەواوی گۆڕا و فاکتەرێکی تازە هاتە نێو هاوکێشە سیاسییەکان لە لوبنان دا کە سەری بە دەرەوەی دنیای عەرەبەوە بەندە و لەلایەن وەلاتانی عەرەبییەوە مەهار ناکرێ.

حیزبوڵڵای لوبنان کە لە ڕاستی دا باسکی درێژی کۆماری ئیسلامییە لەو ناوچە هەستیارەدا، کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بە کەیفی خۆیان کایەی پێ دەکەن و هەرجارەی بۆ مەبەستێک بە کاری دێنن. هەر لە تیرۆری موخالیفانی خۆیانەوە بگرە تا دەستوەردان لە کاروباری فەلەستینییەکان و چوونە ناو هاوکێشەکانی دنیای عەرەبەوە تا ئاڵوزتر کردنی کێشەی نێوان ئیسرائیل و فە لە ستینیەکان، کە لک لە حیزبوڵڵای لوبنان وەر دەگرن. تە نانەت لە نیو خۆی ئیرانیش دا هێزی حیزبوڵڵای لوبنان بۆ لێدانی موخالیفان بەکار دێنن. هەر کات ڕێژیمی ئێران لە تەنگانە کەوتبێ، یا چالاک بوونی لە بواریک دا، سەروکەللەی تیرۆریستەکانی لوبنان دەر کەوتوە. لە تیرۆری میکونووس دا، لە ئاڵوزکردنی نێوان گرووپە جیاجیاکانی فەلەستینی دا، لە شەڕی نێوان حەماس و فەتح دا، لە سەرکوت کردنی موخالیفانی دوای بە ناو هەڵبژار دنی سەرۆک کۆماری دا و ئاخرەکەشی لە پەروەندەی تیرۆری حەریری دا، دەستی ئەو باسکەی کۆماری ئیسلامی وەدیار کەوتوە.

سەیر لە وەدایە کە حیزبوڵڵا حاشا لە وە دەکا کە دەستی لە تیرۆری حەریری دا هەبووبێ، کە چی دژی لێکۆڵینەوە لە پەروەندەکەیەتی و تا ئەو ڕادەیە دەچێتە پێش کە لە سەر ئەوەی کوری حەریری موافیقی لێکۆڵینەوە لە سەر پەروەندەی تیرۆری بابیەتی بە نوکەری ئەمریکاو فەرانسە ی دادەنێ. هاوکاریی خۆی لەدەوڵەت دا بەوە دەبەستێتەوە کە ئەو پەروەندەیە دابخرێ و کوڕ دەست لە خوێنی بابی هەڵبگرێ. کاتێکیش کە ئەمریکا باسی چالاک بوونەوەی پەروەندەکە و درێژە دانی دادگا دەکرێ، حیزبوڵڵا ئەوەندە لە کوورە دەردەچێ کە تەنانەت لە سەر گەرانەوەی سەرۆک وەزیران ڕاناوەستێ و پێش ئەوەی ناو براو بگەڕێتەوە، لە کابینە دێتە دەرێ و بەم جۆرە دەبێتە هۆی ڕووخانی کابینە و دروستبونی قەیرانی سیاسی و لەوەش زیاتر لە زمانی ڕێبەرەکەیەوە دەست بە هەرەشە و گوڕەشە دەکا و بریسکەی ئاوری شەڕ و ئاژاوە لە و وڵاتەدا لێ دەدا.

جێگای سەرنجە کە کردەوەی حیزبوڵڵا لەو مەسەلەیە دا ڕاست وەک هە لسوکەوتی ئەحمەدینژاد لە گە ل وەزیری کاروباری دەرەوەی کابینەکەی خۆی بوو. ئەویش موتتەکی کاتێک کە لسەر کار لابرد کە وەک وەزیری کارو باری دەرەوە سەردانی وەلاتێکی بێگانەی کردبوو. دیارە حیزبوڵڵا دەرسی چاکی لە کۆماری ئیسلامی وەرگرتوە و ئەخلاقی سیاسییشی هەر لەسەر بناغەی ڕەوشەکانی کۆماری ئیسلامی تەنزیم کردوە. بە هەر حال ئەوەی کە زۆرێک لە پسپۆڕانی هەلسەنگاندنی سیاسی لە سەری کۆکن ئەوەیە کە ئەمجارە ئیمکانی زۆرە کە کۆماری ئیسلامی لە ڕێگای حیزبوڵڵای لوبنانەوە شەڕێک لە ناوچەی گرنگ و ستراتیژی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست وەڕێ بخا. ئەو ئەنجام وەرگرتنەی هە لسەنگینەرانی سیاسی، بۆیە وێ دەچێ، چونکە لە چەند بواردا کۆماری ئیسلامی شەڕێکی ئەوتۆ بە قازانجی خۆی دەزانی.

یەکەم ئەوەی کە بە هەراوهوریای ئیدەئۆلۆژیک و دیفاع لە ئیسلام و خەڵکی بەقەولی ئەوان موستەزعەفی لوبنان و فەلەستین دەیهەوێ سەرپۆش لە سەر نارەزایەتیی خەڵک و وەزعی نابەسامانی نیوخۆی وڵات دانێ.

دووەم دەیهەوێ ئیسرائیل وغەرب لە وێ دەرگیر کا و لە ژێریشەوە بە مەیلی خۆی بەرنامەی پێتاندنی ئۆرانیۆم و گەیشتن بە چەکی ئەتۆمی درێژە بدا و سێهەمیش دەی هەوێ پێشگری بکا لە سەرکەوتنی پرۆژەی ئاشتی لە نێوان ئیسرائیل و فەلەستینییەکان دا.

ئەوانەش هەمووی بە قازانجی درێژبوونەوەی تەمەنی ڕێژیمەکەی دەزانی و لە ڕاستی دا تەنیا هیواو ئومێدی درێژبوونەوەی دەسەڵاتەکەیەتی. بۆیە دەکرێ بڵێین ئەو شک و گومانەی کە هەڵسەنگێنەرانی سیاسی و نیزامی لە هەنگاوەکانی حیزبوڵڵایان هەیە دەکرێ وەراست بگەڕێن و شەڕێکی نە خوازراو لە ناوچەی ڕۆژهەلاتی نیوەڕاست وەڕێ بکەوێ.

پرسیار ئەوەیە کە لە حالەتێکی ئەوەتودا وەزعی ئەو ناوچەیە بەرەو کوێ دەچێ و ئەنجامی شەڕێکی ئەوتۆ بۆ سەر مەسەلەی کورد بەگشتی، مەسەلەی کورد لە وڵاتە جیاجیاکان دا و لە سەر وەزعی نێوخۆیی ئێران و لە سەر وەزعی ناوچە بە گشتی چۆن دەبێ؟ دیارە لە هەڵگیرسانی شەڕێکی ئەوتودا بێگومان دەکرێ چەند بەرئەنجامێکی تێدا پێشبینی بکرێ و هەر یەک لەو بەرئەنجامانەش دەتوانی بە شێوەیەک کاریگەری لە سەر وەزعی ناوچە هەبێ.

درێژە لە لاپەڕەی ٣